گـۆڤـاری زانکۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).N (1) Paper15

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 09-09-2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 25-11-2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 28-02-2025

# زانستی پزیشکی لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانیدا(224-651)ز

**حسن قادر محمود[1] - شاڵاو مصطفى عبدالرحمن[2]**

hassanqadir@uor.edu.krd shalaw.mustafa@uor.edu.krd-

[1+2]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە،سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

یەکێك لەو زانستانەی لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانی جێگەی بایەخپێدانی پاشایان بو زانستی پزیشکی بو، ئەم بایەخ پێدانەش دیوێکی ئاینی هەبو، لەبەرئەوەی پزیشکی لە ئاینی زەردەشتیدا وەك زانستێکی پیرۆز پێناسەکرابو پاشایان گرنگیدانیان بەم زانستە وەکو ئەرکێکی ئاینی دەبینی. هەرچەندە ئەم زانستە لەسەردەمی ساسانی زانستێکی تەواو لێکگرێدراو بو بە ئاینی زەردەشتی، ئاڤێستا بنەمای فێرکاری زانستی پزیشکی بو بۆ پزیشکانی سەردەمی ساسانی و خودی پزیشکانیش بریتیبون لە پیاوانی ئاینی زەردەشتی، لەهەمانکاتدا سودێکی زۆر لە زانستی پزیشکی و پزیشکانی میسرو یۆنان و ڕۆمان و هیند و چین وەرگیراوە و بەرێگای جۆراوجۆر هاندراون و هێنراون بۆ زانینگای جندی شاپور تا ئەزمونی پزیشکی وڵاتەکەی خۆیان بگوازنەوە ناو دەوڵەتی ساسانی و وانەی پزیشکی بڵێنەوە.

لە دیدی پزیشکانی ساسانی مرۆڤ دوچاری دوجۆر نەخۆشی دەبێتەوە: نەخۆشییە دەرونییەکان و نەخۆشییە جەستەییەکان بۆ هەر یەکێك لەو نەخۆشیانەش چارەسەری جۆراوجۆریان بەردەست بوە پێیانوابوە دەرونێکی ئارام و تەندروست بنەمای جەستەیەکی تەندروستە، هەرچی نەخۆشییە لەلایەن ئەهریمەنەوە ڕەوانەکراوە بۆ مرۆڤایەتی و بە ئەندازەی نەخۆشییەکان دەرمانی گیایی لەلایەن ئاهورامزداوە نێرداوەتە سەر زەوی.

لە ئەنجامی تێکەڵبونی زانستی پزیشکی شارستانیەتیە جیاوازەکانی دەوروبەری دەوڵەتی ساسانی و کۆبونەوەیان لەناو زانینگای جندی شاپور و لێکگرێدانی ئەزمونە جیاوازەکانی ئەم شارستانیانە، زانستی پزیشکی لەناو دەوڵەتی ساسانی بەوپەڕی نەشونمای خۆی گەیشتوە.

**کلیلە وشەکان:** زانستی پزیشکی، پزیشك، ئاینی زەردەشتی، دەوڵەتی ساسانی، جندی شاپور، نەخۆشی.

**پێشەکی:** توێژینەوەی جۆراوجۆر لەبارەی فەرهەنگ و شارستانیەتی ئێرانی کۆن زۆرە، بەڵام توێژینەوە لەبارەی زانستی پزیشکی بەهۆی ئەوتایبەتمەندیانەی لەم زانستەدا کۆبونەوە زۆر ئاڵۆز دژوارە دەکرێت، بڵێین تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەی لەو بوارە لەسەرەتای ڕێگاین، زانستی پزیشکی لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانی بەبەراورد بەشارستانیەتەکانی پێشخۆی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، هۆکارەکەشی سەرەڕای ئەوەی بۆ هاندانی ئاینی دەگەڕێتەوە، چونکە پیاوانی ئاینی هانی

پزیشکانیان دەدا و وەك بەشێك لە پیرۆزیە ئاینییەکان ڕێز لەو پیشەیە گیراوە، بەڵام ڕۆڵی بەشێك لە پاشانی ساسانی بەتایبەت (ئەردەشیری بابەك211-224ز) و (شاپوری یەکەم240-270ز) و (بهرام گور420-438ز) و (خسرو ئەنوشیراون531-579ز) هەوڵێکی زۆر و خەرجیەکی زۆریان کردوە لە پێناو برەودان بەم زانستە، ئەمەش لەڕێگەی کردنەوەی کۆلێژی پزیشکی لە زانینگای جندی شاپور و هێنانی پزیشکانی بیانی بۆ ئەوەی لەم ناوەندە پزیشکییە درێژە بە کاروانی زانستی خۆیان بدەن و خزمەتی ئەم زاستە بکەن. بەرئەنجامی ئەم کارەش تێکەڵبونی ئەزمونی پزیشکی کۆمەڵێ شارستانی جۆراوجۆر بو کە زانستی پزیشکی لەناو دەوڵەتی ساسانی بە پلەیەك گەیاند کە پێشوتر ئەم زانستە لە شوێنێکیتر پێینەگەیشتبو، سەرەڕای ئەوەش بەڵگەنامە بەردەستەکان وەك نوسراو و پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەم دەوڵەتە، دان بەوەدادەنێن کە زانستی پزیشکی گرنگی تایبەتی پێدراوە و پێگەیەکی گرنگی هەبوە لە ناو زانستەکانی تردا، تەنانەت بەشێکی زۆر لە گەورە ڕاوێژکارانی پاشا و بەشێك لە وەزیران بڕیاردەران لەدەستەی پزیشکیان بون، سەرەڕای ئەوەش مێژوونوسانی خۆرئاوای یۆنانی وەك(ئەمانوس مارسێلینوس330-395ز) و (پیرۆکۆپیۆس500-565ز)لەباسکردنی لایەنە شارستانیەتیەکانی ناو دەوڵەتی ساسانی و بوارە زانستیەکانی ناو ئەم دەوڵەتە نەیانتوانیوە زانستی پزیشکی لەبەرچاونەگرن تەنانەت ڕەنگدانەوەی زانستی پزیشکی ساسانی لەناو پزیشکی وڵاتانی دراوسێ و شارستانیەتیەکانی دوای خۆشی دەبینرێ.

لەسەرەتادا ڕەسەنتیریت سەرچاوە سەبارەت بەم زانستە لەناو ساسانیەکان پەرتوکی پیرۆزی زەردەشتیەکان (ئاڤێستا) بوە، چونکە بەشێکی تایبەتە بەم زانستە، بەڵام بە تێپەڕبونی کات بنەما پزیشکیەکانی ئاڤێستا تێکەڵکراوە لەگەڵ ئەزمونی گەلانی جۆربەجۆر، هەر ئەمەش نهێنی پێشکەوتنی زانستەکە بوە لە سەردەمی دەوڵەتی ساسانی.

دەتوانین بڵێین گرنگترین سیماکانی گەشەی ئەم زانستە بریتیبوەن لە لێکجیاکردنەوەی جۆری نەخۆشییەکان و پەیدابونی پسپۆری وردی پزیشکی هەروەها ڕاوێژ لەنێوان پزیشکان و کۆدەستی پزیشکان لە کارکردن و چارەسەری نەخۆشدا هەروەها کۆڕبەندی پزیشکی و تۆمارکردنی هۆکارەکان و چۆنیەتی چارەسەر و شێوازی بەکارهێنانی دەرمانەکان لە دیارترینی دیاردە شارستانیەتیەکانی ئەم بوارە بون.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە پیشاندانی دیوێکی شارستانیەتی دەوڵەتی ساسانیە کە زانستی پزیشکیە، هەروەها زانین و باسکردنی کاریگەری ئاینی زەردەشتی و پەیوەندییەکانی ئەم ئاینە لەگەڵ زانستی پزیشکی لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانی لە نێوان ساڵانی (224- 651ز) بەوردی خراوەتەڕو، لەهەمانکاتدا ڕۆڵ کاریگەری زانستی پزیشکی وڵاتانی دراوسێی لەبەرەوپێشبردنی پزیشکی لەناو دەوڵەتی ساسانی باسی لێوەکراوە، گرنگی توێژینەوەکەش لەوەدایە زانیاری و داتاکان لەبارەی پزیشکی کە بەشێوەی بڵاو لێکترازاوبون کۆکراونەوە و لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوە بە ڕێکوپێکی و بە شێوەیەکی زانستی ڕێکخراونەتەوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** وەك لە ناونیشانی توێژینەوەکەمان دیارە ئەم توێژینەوە باسکردنە لە زانستی پزیشکی لە سنورێکی دیاریکراو کە سەردەمی دەوڵەتی ساسانیە هەرچەندە لە سەرەتا دەروازەیەکمان سەبارەت بە سەرەتای سەرهەڵدانی زانستی پزیشکی و لە دواتریش سەرەقەڵەمێکمان لەسەر کاریگەرییەکانی زانستی پزیشکی ساسانی لەسەر شارستانیەتیەکانی دوای خۆی باس کردوە، بەڵام بەگشتی ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان باس لە ڕەوشی ئەم زانستە دەکات لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانی.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژویی، بەتایبەتیش میتۆدی وەسفی و کۆکردنەوەی سەرچاوەو شیکاریان بەکاربهێندرێت، هەوڵدراوە بەپێی توانا جەختبکرێتەوە لەسەر بەکارهێنانی چەندین ژێدەری باوەڕپێکراو زانستی کە زۆربەیان بە زمانی فارسی و ئینگلیزی نوسراون و سودیان لێبینراوە.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوە و کۆمەڵێ پەراوێزی گرنگ، لە دەروازەیەك سەبارەت بە دەرکەوتنی زانستی پزیشکی و سێ تەوەر پێکهاتوە، تەوەری یەکەم بریتییە لە زانستی پزیشکی لە ناو دەوڵەتی ساسانیدا، لەم تەوەرەدا بەوردی باس لە پزیشکان و زانستی پزیشکی و گرنگیدانی پاشایان بە زانستی پزیشکی ڕونکردۆتەوە. هەروەها باسی پەیوەندی زانستی پزیشکیمان بە ئاینی زەردەشتیەوە خستۆتە بەرباس، تەوەری دوەم جۆرەکانی نەخۆشیمان لەناو دەوڵەتی ساسانی باسکردوە کە ئەویش دابەشدەبێ بەسەر دو لقدا کە بریتین نەخۆشییە جەستەییەکان و نەخۆشییە دەرونییەکان لەم تەوەرەدا بەوردی باسی چۆنیەتی چارەسەرەکانی هەریەك لەم نەخۆشیانەمان کردوە، تەوەری سێیەم و کۆتایی بریتییە لە زانینگای جندی شاپور و لەم تەوەرەشدا باسی مامۆستایان و بەشەکان و وانەکانی ناو ئەم ناوەندە زانستییە و کاریگەری پزیشکانی بیانیمان لەسەر بەرەو پێشبردنی زانستی پزیشکی لەم زانینگایەدا کردوە.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە**

1.بۆچی زانستی پزیشکی بە بەراورد بە زانستەکانی تر زیاتر لەلایەن پاشایانی ساسانیەوە گرنگی پێدەدرا؟

2.پەیوەندی زانستی پزیشکی چییە بە ئاینی زەردەشتیەوە؟

3.پزیشکانی ساسانی سەر بەکام چینی کۆمەڵگا بون؟

4.مەبەست لە (گیتی پزیشکی) و (مینی پزیشکی) چییە؟

5.کاریگەری و ڕۆڵی پزیشکانی بیانی چی بو لەسەر زانستی پزیشکی ساسانییەکان؟

6.زانینگای (جندی شاپور) چیبو، کێبون ئەوانەی وانەیان لەم زانینگایەدا وانەیان دەوتەوە و ڕۆڵی ئەم ناوەندە لەبەرەو پێشبردنی زانستی پزیشکی چی بو؟

7.پەیوەندی نێوان پزیشکان لە چ ئاستێکدابوە؟

**دەروازە: سەبارەت بە دەرکەوتنی زانستی پزیشکی**

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە لەو ژینگەی تێیدا ژیاوە سودی لە سروشت وەرگرتوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆی بەکاریهێناوە، تا گەیشتۆتە ئاستی داهێنان و شارەزایی و دەرکەوتنی زانست، کەواتە زانست بریتییە لە چاودێری دیاردە سروشتییەکان و کۆکۆدنەوەی زانیارییەکان و بەکارهێنانی بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، لە سەرەتادا مرۆڤ بۆ سارێژکردنی ئازارەکانی بەدوای چارەسەردا گەڕاوە، ئەو کەسەی چارەسەری نەخۆشی ئازارەکانی کردوە پێیوتراوە پزیشك، ئەم وشەیە لە زمانی فارسی و کوردیدا بەیەك شێوە هاتوە کە لە بنەڕەتدا وشەی ئاڤێستایی (بئیشە) بوە، لە پەهلەوی ساسانی ببوە بە (بئیشەز، بجشك، بزیشزك) پاشان هەردو پیتی (ب،ش) بۆ (پ،ژ) گۆڕاوە بوە بە پزیشك، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دواتر بوە زانستێکی تایبەت بە چارەسەر، زانستی پزیشکی زانستێکی کۆنە و مێژوەکەی بۆ سەرەتای دروستبونی مرۆڤ لەسەر زەوی دەگەڕێتەوە، بەشێکی زۆریش لەو ئازارانەی هۆکارەکەی نارون و شاراوەبون لەلای مرۆڤی سەرەتای لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ ئازارەکانیان کردوە(عبدالواحد، 2023: 233-234).

سەبارەت بەوەی بۆ یەکەمین جار لە کام ناوچەی جیهان ئەم زانستە دەرکەوتوە ناتوانرێت بەتەواوی ناوچەیەکی دیاریکراو ئاماژەی پێبکرێت و لەبارەی سەرهەڵدان و فێربونی زانستی پزیشکی بۆچونی جیاواز هەیە لەلایەن توێژەرانی ئەو بوارەوە ئاماژە بەوە دەکرێت یەکەمین تابلۆی قوڕین پەیوەندیدار بە زانستی پزیشکیەوە لە شاری (نفر)[1] سۆمەری

دۆزراوەتەوە ئەم پارچە شوێنەوارییە لە ئێستادا لەزانینگای فیلادلفیایە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر، هەروەها باس لەوە دەکرێت مرۆڤ ڕاستەوخۆ ئەم زانستەی وەك ئیلهام لەلایەن خوداوە بۆ هاتوە، لەلایەن خوداوە بەو زانستە و چۆنیەتی سودلێوەرگرتنی بۆ چارەسەر بەهرەمەند بوە (الگود، 1371: 16)، هەندێکی تر دەڵێن خودا فریشتەیەکی ناوی (اسقولاپیوس) ڕاسپاردوە بۆئەوەی زانستی پزیشکی فێری مرۆڤایەتی بکات و تاوەکو لە ڕێگەی ئەم زانستەوە لە داهاتودا خزمەتی مرۆڤایەتی پێبکرێت (حاج خلیفە، 1992: 126)، کە ئەمەش لە بەشێك لە بۆچونی پیاوانی ئاینی (زەردەشتی)[2] بەڕونی بەدیاردەکەوێت بەتایبەت کاتێك خۆیان تێکەڵ بەم زانستە دەبن و باس لە شێوازی چارەسەرکردنی نەخۆش دەکەن لەڕێگەی ئاینەکەیانەوە (کریستنسن، 1332: 550)، بەڵام ئەو بۆچونەی لە هەمو بۆچونەکانی تر لۆجیکی ترە ئەوەیە بەهۆی ئەوەی مرۆڤ بەبەردەوامی دەرد و ڕەنجی زۆری کێشاوە و لەو هەوڵانەش توشی ئازار و ناڕەحەتی لە ڕادەبەدەر بوە، بۆ کۆتاییهێنان بە ئازار و گەیشتن بەئارامی بیری لە چارەسەر کردۆتەوە، ئەمەش سەرەتایەك بوە بۆ دەرکەوتنی زانستی پزیشکی لەسەردەمە دێرینەکاندا (رنان، 1366: 16).

جگە لەوەش ترس لە مردن و ناساغی و هیوا بۆ چاکبونەوە وای لە مرۆڤ کردوە هەمیشە بەدوای چارەسەردا بگەڕێت، لەلای زۆربەی میللەتەکان نەخۆشی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بەبیروباوەڕە ئاینیەکانەوە هەبوە، بۆیە ئاین کاریگەری زۆری لەسەر ئەم زانستە هەبوە، بۆ ئەم مەبەستە پیاوانی ئاینی پزیشك بون و چارەسەری نەخۆشیان کردوە لە پاڵ ئەو لایەنە شاراوەیە دا لەڕێگەی ئەزمونەکانیانەوە توانیویانە چارەسەر بۆ سارێژکردنی برین و ئازارەکانی لەو ژینگەیەدا بدۆزنەوە کە تێیدا ژیاون(عبدالواحد، 2023: 234)، بەڵام کاریگەری ئاینی بەلاوە نەناوە، چونکە هەر لە کۆنەوە ئەو زانستە بەشێکی چارەسەرییەکانی لەڕێگەی جادو و نزا و قوربانیدان بوە و بەشەکەی تری ئەزمونی و چارەسەری دەرمانی بوە(بهزادی، 1382: 437)، ویل دیورانت پێیوایە یەکەمجار ژن کاری پزیشکیان کردوە بەتایبەت ویل دیورانت باس لەوە دەکات ژنان زیاتر و زوتر بەکاری پزیشکی ڕاگەیشتون، شێوازی پێڕاگەیشتنەکەش بەجۆرێك بوە کە ژنان لەکاتی نەخۆشکەوتنی پیاوەکانیان ناچاربون پەرستاریان بن و ئاگاداریان بکەن تا چاکبونەوەیان(دیورانت، 1358: 255) بەشێکی تر پێیانوایە کە لەسەرەتادا سەروکاری ئافرەت لەوسەردەمەدا زیاتر لەگەڵ زەوی بوە لە کۆکردنەوی گژوگیا و دروستکردنی خواردندا لە ڕێگەیەوە توانیویەتی جۆری گیاکان لەیەکتر جیا بکاتەوە وەك دەرمان بەکاریانبهێنێت و سودیان لیوەربگرێت لەکاتی پێویستدا(بیانی، 1380: 74).

کۆنترین پاشماوەی شوێنەواری نوسراوی کە ئاماژەی بەو زانستە کردوە چەند پارچە لەگڵ نوسراوێکە لە شاری (نفر) و پاشانیش شاری (ئور)[3] لە عێراقی کۆن دۆزراوەتەوە، ئەمانە کۆنترین بەڵگەی مێژوین دەربارەی ئەم زانستە کە لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم دۆزراوەتەوە و بەدەستی ئێمە گەیشتوە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زانستی پزیشکی گرنگی زۆری هەبوە لەم کۆمەڵگایەدا و بەهرەمەند بون لەو بوارەدا، هەروەها ئەم زانستە هەر لە بنیاتنانی دەوڵەتی (ماد 700-550 پ.ز)[4] تا کۆتای دەوڵەتی ساسانیش گرنگی خۆی هەبو (واجارگاه، 1401: 173)، مێژوی ئەم زانستە لە کۆنترین لە هەمانکاتدا لە ئاڵۆزترین زانستەکان دەژمێردرێت کە بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەنەوە و درێژەدان بە ژیانی مرۆڤ، یەکەمین پزیشکی ئاریایی کە لە ڕۆژهەڵاتی کۆندا ناوی هاتبێت (ثریتا)یە، ثریتا شارەزایەکی باشی بواری دەرمانسازی بوە و گیا دەرمانیەکانی بەباشی ناسیوە (دهقانی، 1400: 2)، هەروەها (بقراط460-370) یەکەمین کەس بوە لەمێژوی مرۆڤایەتی پزیشکی وەك پیشەی زانستی بەکارهێناوە جیای کردۆتەوە لە سحر و جادو کە لەپێشوتردا نەخۆش لەلایەن پیاوانی ئاینی لەڕێگەی سحر و جادو چارەسەر دەکرا، لەو بارەیەوە دکتۆر نجم ابادی ئاماژە بەوە دەکات هەرچەندە نوسراوە

پزیشکییەکانی(طب زردشتی) لە گڵ نوسراوەکانی تایبەت بەم زانستە لە عێراقی کۆن زۆر لە پێشتر و کۆنترن لە پزیشکی بقراط لە جیهانی کۆندا و بونیان هەبوە، بەڵام لەنێوان مێژونوسان بقراط وەك یەکەمین پزیشکی پیشەیی ناوی هێنراوە(نجم ابادی، 1341: 102).

سەبارەت بە زانستی پزیشکی لە ئێرانی کۆن تا ئەو جێگەیەی زانیاری بەردەستە لەم شارستانیەتەدا پزیشکی پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەڕادەیەك زۆر ئەم زانستە لە شارستانیەتییەکانی ئێرانی کۆن پێشکەوتوە بوە هۆکارەکەشی بۆ دەقە ئاڤێستاییەکان دەگەڕێتەوە، کە کۆنترن لە پاشماوە جێماوە نوسراوەکانی زانستی پزیشکی لە یۆنانی کۆن بۆیە دەکرێت یۆنانیەکان سودیان لەڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئێرانییەکان وەرگرتبێت لە قۆناغەکانی چارەسەری نەخۆشیدا (الگود، 1371: 35)، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە پاشایانی هەخامەنشی لەگەڵ ئەوەی گرنگی زۆریان بە زانستی پزیشکی داوە و نەخۆشخانەی زۆریان دروستکردوەو دەرمانیان بێبەرامبەر بۆ نەخۆشان دابینکردوە، بەڵام زۆر بەدەگمەن سودیان لە پزیشکانی ئێرانی بینیوە و زیاتر پشتیان بە پزیشکانی بیانی وەکو میسری و یۆنانی بەستوە و بۆ ئەم مەبەستە زانینگای (صائیب)ی پزیشکیان دامەزراندوە، کە تەنها پزیشکانی میسری تیایدا وانەی پزیشکیان وتۆتەوە (الگود، 1371: 40)، چونکە ئەسکەندەری مەکدۆنی دوای سەرکەوتنی بەسەر هەخامەنشییەکان فەرمانی دەرکرد زانیاریە پزیشکیەکان ئەستێرەناسی لەسەر(120) هەزار پێستی گا نوسرابونەوە بپارێزرێن و لە گەنجینەی تایبەت بەخۆی هەڵبگیرێن و وەرگێڕانیان بۆ بکرێت بۆ سەر زمانی یۆنانی و پاشان ئەو پێستانەی ئاڤێستایان لەسەر نوسرا بو بەفەرمانی ئەسکەندەر شێوێندران لە پاشاندا ئەم زانیاریانە بەناوی یۆنان و بەزمانی یۆنای داخڵی ئێران کرانەوە وەك موڵکی یۆنانیان لێهات و ئەمە لە کاتێکدا بو مێژوی زانستی پزیشکی لە ئێرانی کۆندا وەك ئەوە لە پێشوتر باسمان کرد دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی ماددەکان (نجم ابادی، 1371: 102)، یۆنانیەکانی دانیان بەوەداناوە کە شێوازی چارەسەری بێگانەیان بەکارهێناوە لە کاتی جەنگی یۆنانی و ئێرانیەکان لەسەردەمی دەوڵەتی هەخامەنشی دەستیان بەچۆنیەتی چارەسەرو دەقە نوسراوەکان گەیشتوە سودیان لەو جۆرە چارەسەرانە بینیوە لەو سەردەمەدا(الگود، 1371: 35)، بەڵام لەئێرانی کۆندا کە لە ناوەندی فێرکارییەکانی ئاینی زەردەشتی زانستی پزیشکی تێدا دەخوێندرا و ئەم زانستە باڵاترین زانستی ئەم ناوەندە بوە، پاشایانی ساسانی ڕۆڵێکی زۆریان گێڕاوە لە بەرەو پێشبردنی زانستی پزیشکی و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری (هند، چین، یۆنان و ڕۆما) ئەمەش کاریگەری هەبوە لەسەر ئاڵوگۆری زانیاری پزیشکی وەرگێڕانی بابەتە پزیشکیەکانی ئەم وڵاتانە بۆ سەر زمانی پەهلەوی گەشەی زیاتری بەم زانستە داو دروستکردنی کتێبخانەی گەورە و شوێنی تایبەت بۆ پێشخستنی بواری پزیشکی هۆکاری گەشەکردنی زیاتری ئەم زانستە بو(واجارگاە، 1401: 172).

### 1.زانستی پزیشکی لە ناو دەوڵەتی ساسانیدا

سەردەمی دەوڵەتی ساسانی سەردەمێکی گرنگ بو بۆ گرنگیدان بە زانستی پزیشکی دەتوانرێت بوترێت شورشێکی گەورە لە بواری زانستی پزیشکی لەو سەردەمەدا ڕویدا ئەویش بەهۆی کۆچی بەلێشاوکۆمەڵێ پزیشکی ناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بۆ ناو دەوڵەتی ساسانی، کە ڕۆڵیان هەبو لە دروستکردنی کۆلێژی پزیشکی (جندی شاپور) کە بەیەکێك لە هەرە ناوەندە پزیشکیە گەورەکان و کاریگەرەکانی ئەو ڕۆژگارە دادەنرێت، کە کاریگەری بۆ ماوەیەکی زۆر دوای خۆی جێهێشت لەبەرەوپێشبردنی زانستی پزیشکی، ئەم شۆڕشە زانستیە لەسەردەمی (خسرو ئەنەوشیروان531-579ز) بە (کیسرای یەکەم) ناسراوە بەرفراوانتر بو ئەویش بەهۆی بانگهێشتکردنی کۆمەڵی زانا و پزیشکی بەناوبانگی هیندی و چینی سەرەڕای پزیشکانی ڕۆما لەڕاستییدا ئەم ناوەندە وەرچەرخانێکی گرنگ بو بۆ ئەم زانستە بناغەکەی بۆ سەردەمی دوەمین پاشای ساسانی(شاپوری

یەکەم 240-270ز) دەگەڕێتەوە کە فەرمانیکرد هەرچی بەڵگەنامە و نوسراوی زانستی دەربارەی زانستی پزیشکی و ئەستێرەناسی و فەلسەفە و فیزیا و کۆمەڵێ زانستی تر کۆبکەنەوە وەریگێڕنە سەر زمانی پەهلەوی(Daryaei, 2005: 63).

پاشایانی ساسانی ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە گەشەپێدانی بواری شارستانیەتی بەگشتی لە دەوڵەتەکەیاندا، چونکە تێڕوانین و بەپەرۆشی بەشێك لە پاشایانی بۆ برەودان بەبواری زانستی هۆکاری گۆڕانکاری گەورەی زانستی بو لەم سەردەمە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێش خۆیان بەتایبەت لەسەردەمی (ئەردەشیری بابەك211-224ز) و (شاپوری یەکەم) و (بهرام گور420-438ز) و (خسرو ئەنوشیراون531-571ز)دا سەرمەشقی ئەو پاشایانە بون کە داهاتێکی زۆری وڵاتیان لەپێناو گەشەی زانستی دەوڵەتەکەیاندا خەرجکرد بەشێکی زۆر لەو زانستە باوانەی لەو سەردەمەدا زارەکی بون لەسەر زمانی خەڵکی پشتاوپشت گوسترابونەوە، بەشێکی تریش تەنیا یەك دانە(نوسخە)یان لێ نوسرابۆوە دوبارە نوسرانەوە، جگە لەوەی بەشێك لەو زانستە نوسراوانە بەتایبەتی لەبواری پزیشکی کە دەتوانرێت بڵێین تاقیکردنەوە پەرتوکە پزیشکیەکان زۆر بە کەمی نوسرابونەوە و یاخود هەر نەنوسراونەتەوە، بەدەر لەوەی لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانی نوسراونەتەوە، بەڵکو بەشێکی زۆری کتێبخانە و ڕۆمانی و یۆنانی هێنرانە ناو کتێبخانەی ساسانی و وەرگێڕانیان بۆ ئەنجامدرا، ئەوەشی هەبوە لەبارەی زانستی پزیشکی و فەلسەفەی ئێرانی لەسەردەمی ئەسکەندەر مەکدۆنی لەناوبرابون دوبارە هەوڵی بەدەستهێنانەوەیان درا(Zargaran, 2019: 49-52)، هەروەها پاشایانی ناوبراو ڕۆڵێکی دیاریان هەبو لە گرنگیدان بە کۆکردنەوە و وەرگێڕانی بەرهەمە هیندی و ڕۆمی و چینی، بەتایبەت ئەو کتێبانەی پەیوەست بون بە زانستی پزیشکی و ئەستێرەناسی و فیزیا، کە لەو سەردەمەدا زیاتر زانستی پزیشکی کەوتەبۆ ژێر کاریگەری پزیشکی یۆنانی بەهۆی ئەو کارەی ئەسکەندەری مەکدۆنی کردی لە پێشوتردا ئاماژەمان پێدا(بارتولد، 1358: 25-27)؛ (تفضلی، 1377: 130-133)، بەتایبەت لەسەردەمی خسرو ئەنوشیروان گرنگی زۆری بەزانستی پزیشکی خۆرئاوایی داوە، ئەمەشی لەژێر کاریگەری ئەو پزیشکە بو بە ناوی (استفاندو هاوی) چارەسەری باوکی کرد، لەدوای هاتنە سەر تەختی پاشای ئەنەوشیروان چەندین گۆڕانکاری گەورەی کرد لەبواری پزیشکی کە بریتیبون لە هێنان و کۆکردنەوەی زانیاریە پزیشکیەکان لە وڵاتانی خۆرئاوا بۆ ناو دەوڵەتەکەیی، ئەم هەوڵانە بە وەرچەخانێکی گەورەی گەشەی شارستانیەتی دادەنرێت لە مێژوی دەوڵەتی ساسانیدا (Zeyden, 1973: 547)، بۆیە دەتوانین بڵێین دەوڵەتی ساسانی ئەڵقەی بەیەك گەیشتن و تێکەڵکردنی زانستی پزیشکی جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سەردەمەکەی خۆی بوە، هەروەها پارێزەر و گەشەپێدەری ئەم زانستە بون بۆ شارستانیەتیەکانی دوای خۆیان بەتایبەت شارستانیەتی دەوڵەتی ئیسلامی(واجارگاه، 1401: 173).

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بوترێت زانستی پزیشکی لە دەوڵەتی ساسانیدا گرنگی زۆری پێدراوە بەتایبەت لەلایەن بەشێکی زۆری پاشایانی ئەم دەوڵەتەدا، بەوەی کە بە بەردەوامی هەوڵی ئەوەیانداوە لەڕێگەی نێردەی تایبەتیەوە سود لە زانستی پزیشکی وڵاتانی تر وەربگرن و وەرگێڕان بۆ هەمو ئەو پەرتوکە زانستیانە بکەن کە لەلایەن وڵاتانی ترەوە نوسراون، یاخود توانیویانە سود لە پزیشکانی بیانی وەربگرن بۆ ئەوەی زانستی پزیشکی لەناوەوەی وڵاتدا زیاتر پێش بخەن.

### 2-1پەیوەندی ئاینی زەردەشتی و زانستی پزیشکی

زانستی پزیشکی لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانیدا لێکگرێدراو بو بەئاڤێستا و ئاینی زەردەشتیەوە و دوانەیەکی لێکدانەبڕاو بون، لە وانەکانی ئاینی زەردەشتی و ئاڤێستادا بەڕونی باس لەو زانستە گرنگە و بەشەکانی و پلەی پزیشکان کراوە(شریفیان، 1392، 12) پزیشکی دابەش کراوە بەسەر دوبەشدا (پزیشکی جەستەی) و (پزیشکی دەرونی) کە لە تەوەرەکانی دواتردا بە

درێژی باسیان لێوەدەکەین، باڵاترین پلە لە پزیشکیدا پێیوتراوە (شەهرەیار) کە هەڵگری ئەم ناسناوە خاوەن حیکمەت و لێزانیەکی زۆر بوە لە بواری چارسەرداو سەرۆکی پزیشکانیش بوە (دینکرت، 1384: 162-163)، ئەم زانستە بەپێی ئاینی فەرمی ساسانیەکان کە ئاینی زەردەشتی بو وەك زانستێکی پیرۆز پێناسەکراوە، ئەمەش هۆکار بوە بۆ ئەوەی پیاوانی ئاینی هەوڵی پێشخستنی ئەم زانستە بدەن جگە لەوەش پاشاکان وەك ئەرکێکی ئاینی هەمیشەیی لە هەوڵی گرنگیدان دابون بەم زانستە، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین نێردەی تایبەتیان ناردوە بۆ وڵاتانی دەوروبەر بۆ ئاشنابون و کۆکردنەوەی زانیاری وڵاتان و گەلانی بیانی لەسەر ئەم زانستە، لەلایەکی ترەوە هەوڵی ڕاکێشانی زانایان و پزیشکی بیانیان داوەو لەم ڕێگەیەشەوە توانیویانە ئەم زانستە بگەیەننە باڵاترین ئاستی ئەو ڕۆژگارەی خۆیان(جلیيان، 1400: 161-162).

زانیاری پەیوەست بە زانستی پزیشکی لەناو دەوڵەتی ساسانی بەگشتی لە (ئاڤێستا)دا و بەشێوەی لێکبڵاو لە دەقە پەهلەوییەکاندا داهاتوە لەناو ئەمانەدا دەتوانین ئاماژە بە پەرتوکەکانی سێیەم و هەشتەمی(دینکرت) بکەین، پەرتوکی سێیەمی دینکرت زۆرترین زانیاری لەبارەی زانستی پزیشکی لەسەردەمی ساسانی تێدایە ئەم پەرتوکە(دینکرت) پێکدێت لە (9) بەرگ، بەرگی سێیەمی دینکرت (420) بەشی یان(بەند)ی هەیە یەکێك لە درێژترین بەشەکانی بەشی(157)ە لەبارەی زانستی پزیشکیەوە(دینکرت، کتاب سوم، 1384: بەندی 157)؛(گریشمن، 1364: 352)، لەبەشی 157ی پەرتوکی دینکرت زانیارگەلێکی زۆر لەبارەی ئەم زانستە هاتوە بەم شێوەیە پزیشکی ڕەسەن کێیە؟ دابەشکردنی تایبەتمەندییەکانی پزیشك و نەخۆش چۆنیەتی و جۆرەکانی پزیشك و سودەکانی پزیشك و زانستی پزیشکی و جەستە و نەشتەرگەری و چارەسەرکەرەکانی جەستە، سودی و ئامانجەکانی پزیشك و پێداویستییەکانی و سزادانی پزیشك، باس لەوە دەکات کێ شایستەی بون بەپزیشکە، جۆرەکانی پزیشکی (دەرونی و جەستەیی)، نەخۆش و نەخۆشی و دەرمانەکان، پێویستی پارێزگاریکردن لە جەستە و هێزدانەوە لەڕوی دەرونی بە نەخۆش و هەنگاوەکانی نەشتەرگەری و پێشکەوتنەکانی پزیشك باس دەکات (دینکرت، 1384: 161-164).

بەڵگەنامە و شوێنەوارە مێژوییەکانی ئێرانی کۆن، دەریدەخەن گرنگی زۆر بە زانستی پزیشکی دراوە لە بیروباوەڕی ئاینی لە ئێرانی کۆندا، پێیانوابوە جەستەیەکی تەندروست بەخشیشێکی خواوەند ئاهورامزدایە بە پێچەوانەشەوە جەستەی نەخۆش و ناتەندروست دەرفەت هێنانی ئەهریمەنە لەمرۆڤ بۆیە ئاگابون چاودێری جەستەیەکی سەلامەت هۆکاری چاکە و چاکەکاری و سەرکەوتنە بەسەر ئەهریمەن داو هۆکارە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئاینیەکان(واجارگاە، 1401: 173)، جێگەی ئاماژەیە زانستی پزیشکی لەسەردەمی ساسانی بەتەواوی لەژێر ڕکێف و کاریگەری ئاینی زەردەشتی بوە لەسەر ئەو بنەمایەی سێ قۆناغی چارەسەری یەك لەدوایی یەکی داناوە کە یەکەم قۆناغ بەدڵنیایی بەرلەهەرشتێك دەبێ هەوڵبدرێت نەخۆش لەڕێگەی دەرمانی دروستکراو لە گژوگیاو ڕەگی درەخت و میوەکان چارەسەربکرێت ئەگەر باش نەبو لە قۆناغی دوەم بە ئاسن(چەقۆ) مەبەست لێی نەشتەرگەریە ئەگەریش بە چەقۆ چارەسەرنەکرا دواتر سوتاندنی ئەو شوێنەی نەخۆشییەکەی تێدایە قۆناغی سێیەم چارەسەری دەرونی بەچەندین وتەی پیرۆز کە لە ئاڤێستادا هاتون سوتاندنی بخورە بۆ دەرکردنی ڕوحە شەرانگێزەکان (واجارگاە، 1401: 177)؛ (شریفیان، 1392: 14) جگە لەوەش بەپێی ئاینی زەردەشتی پزیشك پەیوەست کرا بو بەکۆمەڵی یاسای ئەخلاقی باڵا و دەبو پابەندبێت پێیانەوە و لادان لەو بەها باڵا سروشتیانە سزاکەی مەرگ بو(جلیلیان، 1400: 159).

دەقەکانی ئاینی زەردەشتی سەبارەت بە تەندروستی و خۆپارێزی و چارەسەرە پزیشکیەکان ئاماژەی بەوە دەکەن، کە خواوەند ئاهورامزدا نزیکەی (10) هەزار جۆری درەخت و گژوگیای دەرمانی لە بەهەشتەوە هێناوە لەسەر زەوی

چاندویەتی بە(ثریتا)ی ناساندون (کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد ناوبراو یەکەمین پزیشکی ئاریای بوە) تاوەکو سودیان لێوەربگرێت وەك چارەسەر، ئەم جۆرە گیا دەرمانیانە دژە مردن و تای قورس و سەر ئێشە و لەرز و چاوئێشەو لاواز بون هەمو نەخۆشییەکانی ترن(واجارگاە، 1401: 176)، جگەلەوەش شارەزایی گیا دەرمانی و فێربونی توێکاری جەستە مەرجی پێشوەختە و دەروازەی یەکەمی چونە ناو بواری پزیشکی بون، لەگەڵ ئەوەی پێویست بو خاوەن باڵاترین ڕەوشت بێت بۆ بواری پزیشکی هاوکات ڕیشەی پزیشکی وەك پەرستشێك لە ئاینی زەردەشتیدا سەیر دەکرا(میانداری، 1373: 156).

لە ئاڤێستا (بەشی وندیداد) گفتوگۆیەك لەبارەی تایبەتمەندیەکانی پزیشك هاتوە کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی پزیشك پێویستە کۆمەڵە پەرتوکێکی گرنگ بخوێنێتەوە و ئەزمون هەبێت لە بواری پزیشکی، سەرەڕای بونی توانای زۆر و پشو درێژی بۆ گوێگرتن لە نەخۆش، هەروەها ئەوەی پێویستە ویژدانێکی زیندوی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش و لەخواترس بێت، جێگەی ئاماژەپێدانە کە تەنها بونی بەهرەیەکی پزیشکی لە ناسینی دەرمان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی نەخۆش تەنها مەرجی بون بەپزیشك نەبو، بەڵکو پێش مەرجی یەکەم لە ئاینی ئەم شارەستانیەتەدا هەبونی ڕەوشتێکی بەرز و ئاینی ڕێکوپێك بو لە تایبەتمەندییەکانی پزیشکێکی سەرکەوتو، ئەمەش گرنگی ئەم پیشە دەردەخات لەئاینی زەردەشتیدا (أوستا، 1370: 780-785)؛(وندیداد، 1361: 62-64)، پزیشکان لە سەردەمی دەوڵەتی ساسانی سەر بە پیاوانی ئاینی زەردەشتی بون، پێویست بو پزیشك بە پەرۆش بێت و لێهاتوبێت لە کارەکەی خۆیدا، پێویست بو پزیشك بڕوانامەی تایبەتی هەبێ و بێ بڕوانامە هیچ پزیشکێك ڕێگەی چارەسەرکردنی پێنەدەدرا هەرچەند شارەزاش بایە لە ناسینی گیادەرمانیەکان و ناسینی نەخۆشییەکان، سەبارەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی بڕوانامەی پزیشکیش ئەوکاتە بڕوانامەی پێدەدرا کە دەبو سەرکەوتو بێت لە چارەسەرکردنی چەند کەسێك کە لە ئاینەکانی ترن واتا زەردەشتی نەبون کە بەدیدی زەردەشتیەکان(کافر)ن، تاقیکردنەوەکەش بەجۆرێك بو دەبو ئەوکەسەی خواستی بون بە پزیشکی هەیە سێ کەسی (غیر زەردەشتی) نەشتەرگەری بکات ئەگەر هەرسێ نەخۆشەکان مردبان یاخود پێی چارەسەرنەکرابان تاکۆتای تەمەنی بۆی نەبو چارەسەری پزیشکی بکات، بەڵام دوای سەرکەوتنی لەو تاقیکردنەوەیە ڕێگەی پێدەدرا ببێتە پزیشك و بڕوانامەی فەرمی پێدەدرا و دواتر ڕێگەی پێدەدرا چارەسەری نەخۆشی زەردەشتی بکات(واجارگاە، 1401: 176). جێگەی ئاماژە پێدانە بۆتاقیکرنەوە پزیشکیەکان جگەلەوانەی زەردەشتی نەبون ساسانیەکان بەشێك لەو زیندانیانەیان بەکاردەهێنا کە لەلایەن دەوڵەتەوە سزای کوشتن و لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرابو، ئەمانە لەلایەن دەوڵەتەوە دەدرانە دەست پزیشکان تا تاقیکردنەوە ئەزمونییەکانی خۆیانیان لەسەر ئەنجام بدەن(کریستن سن، 1332: 442-445).

پزیشك پێویست بو لەژێر چاودێری بەتواناترین پیاوی ئاینی زەردەشتی فێر بکرێت و ڕاهێنان و ئامۆژگاری بکرێت، پزیشکان فێردەکران و زانیاری پێویست لەبارەی ڕوح جەستەی مرۆڤیان پێدەدرا و پێویست بو لەسەریان پیشەکەیان وەك پەرستش ئەنجام بدەن و دورکەونەوە لەئارەزوی دونیای و چڵێسی پارێزگاری تەواوی یاساکانی پەیوەست بەم پیشە بن، جگە لەوەش خۆشەویستی و میهرەبانی لەکاتی گفتوگۆدا و شارەزایەتی لە دەرمانەکان، دوای هەمو ئەم مەرجانە ئینجا ڕێگەی پێدەدرا کاری پزیشکی بکات(دینکرت، 1384: 163-174)؛ (وندیداد، 1361: 63)، بەگشتی سیاسەتی دەوڵەتی ساسانی هۆکارێکی گرنگی پێشکەوتنی ئەم زانستە بو، زانستی پزیشکی ساسانی کۆکراوەیەك بو لە زانستی پزیشکی هند و چین و یۆنانی لەژێر یاساکانی ئاینی زەردەشتی ڕێکخرابون، هەربۆیە فێرگە ئاینیەکانی ئەم شارستانیەتە مەڵبەندی بڵاوکردنەوە و فێرکاری ئەم زانستە بون(واجارگاە، 1401: 173).

لە(هوسپارم نسك) Husparam Nask کە تەفسیری دەقەکانی ئاڤێستایە و پەرتوکی هەشتەمی دینکرتە باس لە پسپۆڕی پزیشکی دەکات واتا پسپۆڕییەکانی جیاکردۆتەوە، لە پاڵ پسپۆڕییەکانی تر باسی لە پسپۆڕی چاویشی کردوە جگە لە چارەسەری ئاژەڵی ماڵی و سەگی هار و بوارەکانی تری پزیشکی ڤێتەرنەری هاتوە(کریستن سن، 1332: 441-444)؛ (دینکرت، 1384: 160-170)، ئەم زانستەش هاوشان لەگەڵ زانستی پزیشکی تایبەت بە چارەسەری مرۆیی، پارێزگاری لە تەندروستی دەکرد لەم دەوڵەتەدا گرنگی زۆر بەم زانستە(ڤێتەنەری) دراوە لەبەرئەوەی ئاژەڵ لەو سەردەمەدا وەك هۆکارێکی بەهێزی ئابوری و سەربازی سەیرکراوە(عبدالواحد، 2023: 247-248)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ جیاکردنەوەی پسپۆڕی(تخصص) بەپێی بنەما ئاینیەکان لەلایەك و دەرکەوتنی شارەزایی و وردی لە بواری پزیشکی لەلایەکی ترەوە، سەرەڕای دەرخستنی گرنگی پزیشکی ڤێتەرنەری لەو سەردەمەدا(کریستن سن، 1332: 441-444)؛ (دینکرت، 1384: 160-170)، لەگەڵ ئەوەشدا ئاینی زەردەشتی بەڕونی باسی لە تێچوی چارەسەرکردنی نەخۆش کردوە بەپێی ئەو یاسایانەی لە ئاڤێستادا هاتبون، تێچوی چارەسەر پەیوەست بو بەجۆری نەخۆشییەکە و بەکارهێنانی چەندیەتی و چۆنیەتی جۆری دەرمانەکە بەڕەچاوکردنی باری ئابوری نەخۆش، ئەمەش جیاوازی هەبو لە نێوانی جۆری نەخۆشییەکان واتا لە جۆرێك بۆ جۆرێکی تری نەخۆشی(الگود، 1371: 35-46)، لە ئاڤێستادا هاتوە ئەگەر پزیشکێك پیاوێکی ئاینی زەردەشتی چارەسەر بکات لەبەرامبەردا پیاوی ئاینی تەنیا نزای خێری بۆ دەکات، بەڵام ئەگەر فەرماندەی وڵاتی چارەسەر بکردایە ئەوا پێویست بو چەند سەر ئاژەڵی بداتێ، ئەمانە و چەندانی تریش باسکراوە دەربارەی کرێ پزیشکی لە دەوڵەتی ساسانیدا(اوستا،1370: 1381-1385).

دیارە هۆکارەکانی دروستبونی نەخۆشی لەم دەوڵەتەدا پزیشکان بەهۆی باوەڕداریان بە ئاینەکەی خۆیان و بەپێی بنەمای (وندیداد) یەکێك لە گرنگترین بەشەکانی ئاڤێستا، کە ئەهریمەن نەخۆشی دروستدەکات لە بڕگەی دوەمدا ئاماژە بەوە دەکات ئەهریمەن (99999) نەخۆشی دروستکردوە، لەبەشی نۆیەم و بڕگەی (51) زەردەشت لە ئاهورامزدا دەپرسێت کێ ترسی لەدڵەکاندا دروستکردوە کە دەبێتە هۆی دروستکردنی نەخۆشییەکان و مردن؟ ئاهورامزدا وڵامی داوە کەسێکی هاوشێوەی(اشموغ)[5] کە لەجیهانی ماددیدا دەیەوێت پیسی و ناپاکی بڵاوبکاتەوە بەبێ ڕەچاوکردنی پەیامە پاکەکەی ئاینی ئاهورامزدا لە بڕگەی 55-56 تەنیا ڕێگە بۆ گەڕانەوەی تەندروستییەکی باش کوشتنی(اشموغ) و ستایشکردنی ئاهورامزدایە(شریفیان، 1392: 14)، هەروەها هۆکارێکی تر بڵاوبونەوەی نەخۆشی لە دیدی زەردەشتییەکانی سەردەمی ساسانی وشکە ساڵی و بەستەڵەك و سەرما و سۆڵەیە کە ئەمیش بەهۆی ئەهریمەن ڕوبەڕوی مرۆڤ دەبنەوە و بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیانە پزیشکان دەرمانی شێدار و خواردنی تارادەی پێویست گەرمی پێبدرێت تاوەکو وشکی و ساردی هۆکاری نەخۆشییەکە لەناوبەرێت و چارەسەری بکات(کریستن سن، 1332: 443-445)، ژمارەی نەخۆشییەکان لە(دینکرت) بە(4333) جۆر هەژمارکراون هەریەکەشیان ئەهریمەن بۆ مرۆڤایەتی ناردویەتی(دینکرت، 3/1384: 163-166)، سەرەڕای ئەوەی پزیشکانی ساسانی لەژێر کاریگەری زانستی پزیشکی یۆنانی بون لەسەر بنەمای زانستی پزیشکی یۆنانی بەتایبەت لە دیاریکردنی پلەی گەرمی جەستە و شێداری جەستە، ئەم جۆرە پەیوەندیەش بەهۆی گرنگیدانی دەوڵەت بو بەهێنانی پزیشکی بیانی، لەڕاستیدا یۆنانییەکان سەیریان لەوەی پزیشکانی ئێرانی هاتوە کە هەمو نەخۆشییەکان و چارەسەریەکانیان بەستۆتەوە بە ئەهریمەن و ئاهورامزداوە (کریستن سن، 1332: 223-225)، بۆیە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە زانستی پزیشکی لەو سەردەمەدا بە تەواوی لەژێر ڕکێف و دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی زەردەشتیدا بو، لەژێر سەرپەرشتی ئەوان ڕێکخستنی بۆکراوە(Mali, 2009: 433)، بەپێی ئەم ڕێکخستنانە پێویست بوە کەسی زەردەشتی لەلای پزیشکی زەردەشتییەوە چارەسەربکرێت چارەسەر وەرگرتنی نەخۆش لە لایەن پزیشکی غەیر زەردەشتی بە تاوانێکی گەورە

لەسەر نەخۆش هەژمار دەکرا، بەڵام لە حاڵەتێك دەستی بە پزیشکێکی زەردەشتی نەگەشتبا و مەترسی لەسەر ژیانی دروستبا بەهۆی خراپی باری تەندروستی دەیتوانی پەنا بۆ پزیشکێکی غەیر زەردەشتی ببات(دادرس، 1374: 75). پەیڕی دەقە ئاینییەکان لەسەر پزیشك پێویست کرابو هەمیشە ئامادەبی چارەسەری نەخۆشی تێدابێت و دەبێت خێراو چالاك بێت لە چارەسەرکردندا و فریادڕەس بێت، و یەکێك لە دیاردە باوەکانی ناو پزیشکانی دەوڵەتی ساسانی ڕاوێژکردن بو لە نێوان پزیشکان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشێك کە لە توانای یەك پزیشك بەدەر بوبێ یان نەخۆشیەکی نوێ و دەگمەن بوبێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی نەشتەرگەری گروپکاری بو بە گشتی لەلایەن چەند پزیشکێکی پسپۆڕی جیاواز پێکەوە ئەنجامیان دەدا(واجارگاە، 1401: 176).

دەتوانرێت بوترێت کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئاینی زەردەشتی و زانستی پزیشکیدا هەبوە لە دەوڵەتی ساسانیدا، بەوەی کە لە ئاینی زەردەشتیدا گرنگی زۆر بەم زانستە دراوە، بۆ بابەتی تەندروستی چارەسەرکردن یەکێك لە سیفات و تایبەتمەندییە گرنگەکانی خواوەند ئاهوراموزدا بوە، لەبەرامبەریشدا هێنانی نەخۆشی و ئێش و ئازار و پەتاکان لەلایەن ئەهەریمەنەوە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی نێردراوە، بەڵام لە کۆتایدا ئاهورامۆزدا لەڕێگەی ئاین و چارەسەریە پزیشکیەکانی توانیویەتی چارەسەری نەخۆشییەکان بکات سەربکەوێت بەسەر ئەهریمەندا، ئەمەش بەڕونی لەناو دەقە ئاینیەکانی زەردەشتیدا ڕەنگی داوەتەوە.

## 2-جۆرەکانی نەخۆشی لە زانستی پزیشکی سەردەمی دەوڵەتی ساسانی

ئەم زانستە پێشکەوتنی زۆر زانستی و خێرای بەخۆیەوە بینی لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانی، بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان شێوازی تایبەت بەخۆیان بەکارهێناوە توانیویانە سەرکەوتوبن، شیوازەکەیان کاریگەرتر بوە لە چارەسەرکردنی یۆنانی و هیندی، سەرەڕای ئەوەی ڕێگەی نوێی پزیشکیان هێنایە کایەوە و ڕۆڵیان هەبو لە داهێنانی هونەری چارەسەری نەخۆش، پاشان هەمو ئەو ڕێگایانەی دۆزیویانەتەوە تۆماریانکردوە شارستانیەتیەکانی تریش سودیان لێوەرگرتون (دهقانی و مجاهدی، 1400: 8)، زانستی پزیشکی لەوسەردەمەدا دو ئەرکی هەبوە یەکێکیان هەوڵدان بۆ تەندروست ڕاگرتنی جەستە و ئەوەی تریان چارەسەری دەرمان بۆ نەخۆشییە جەستەییەکان و دەرونییەکان، بۆ جێگیرکردنی دەرونی تەندروست پزیشکی سەردەمی ساسانی پێیانوایە لەڕێگەی گوناە نەکردن و پاراستنی دەرون لە تاوان مرۆڤ دەکاتە خاوەن دەرونێکی تەندروست لەو بارەوە ئەم زانستە ڕەگێکی ئاینی هەبوە (Zargaran,2019: 55-59)؛ (جلیلیان، 1400: 153)، هەردو جۆرەکەی (مینو پزیشکی) و (گیتی پزیشکی) کە لەدواتردا بە درێژی باسیان لێوەدەکەین، کە هەریەکێك لەو بەشانە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ بەکاردەهات لەلایەن پزیشکانی پسپۆڕی ئەم بوارانە، کە پزیشکان لەڕێگەی پیشەکەی خۆیانەوە دەیانتوانی لە باروگوزەرانی خەڵکی بەگشتی و نەخۆشان بەتایبەتی تێبگەن و چارەسەریان بکەن(Sabouri, 2018: 32-34)، ئەم دو جۆرەی پزیشکی دەکران بەدو جۆر بەشی زانستی پزیشکی جەستەیی بریتی بو لە (پزیشکی گشتی، پسپۆڕی ورد)، لەهەمانکاتدا پزیشکی دەرونی دابەشدەبو بۆ دو بەشی سەرەکی ئەوانیش (پزیشکی گشتی دەرونی، پزیشکی دەرون بۆ شارەزای وردی نەخۆشییە دەرونییەکان)، پزیشکی جەستە بە (گیتی) ناودەبراو و پزیشکی دەرونی بە (مینو) ناودەبرا، بە پارێزەری جەستە و روح ناودەبران و کە هەر یەکەیان کاری تایبەت بەخۆیان دەکرد (دینکرت، 1384: 160-170)، ئەمە لەکاتێکدا سەرچاوە نوێیەکان ئاماژە بەبونی چەند جۆرێکی تری پزیشکی لە پسپۆڕی ورد دەکەن لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانیدا کە بونی هەبوە وەك پزیشکی ڤێتەرنەری، پزیشکی دادی، پزیشکی چاو پزیشکی هەناوی و چەندین جۆری تر(Zargaran,2019:78-88).

## 2-1پزیشکی جەستەیی (گیتی پزیشکی)

لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانی پزیشکی جەستەیی(گیتی) دابەشکرا بو بۆ شەش جۆری پسپۆڕی ورد ئەوانیش: (پەرستاری و چاودێری دەرمان، چارەسەر لەڕێگەی ئاگر(سوتاند)، گیا دەرمانی، چەقۆ دەرمانی، نەشتەرگەری، نزا و زیکر دەرمانی) لەناو هەر شەش بەشەکانی پزیشکی جەستەیی گرنگترینیان کە لە دینکرتو سەرچاوەکانی تری سەردەمی ساسانی گرنگی خۆی هەبوە جۆری شەشەم چارەسەر بە نزا و پاڕانەوە و زکر، دەرمانی بوە کە زۆرترین خواستی لەسەر بوە(دینکرت، 1384: 163-166)، ئەوەی پەیوەندی بەچارەسەری جەستەوە هەیە بەکارهێنانی ئاگرە، بەمەبەستی گەرمکردن یان سوتاندن هەروەکو لە پزیشکی ئاینی ئەفسانەیی لەدایکبونی زەردەشت هاتوە، لەو کاتەدا دێوەکان هەوڵی لەناوبردنی زەردەشتیان داوە بەوەی دایکی زەردەشت(دوغدۆ) دوچاری لەرز و تایان کردوە و ڕەوشی تەندروستی زۆر خراپ دەبێت، تا ئەو ڕادەی داوا بکرێت برۆنە لای جادوگەر بۆ چارەسەرکردن، بەڵام یەزدان ڕێگەی بەمە نەداوە و ئامۆژگاریان دەکات بچن دەست بشۆن و ئاگر هەڵبکەن و گۆشتی گا ببەن گەرمی بکەن لەسەر سکی (دوغدۆ)ی دابنێن، ئەمەش بوە هۆی چارەسەرکردن و کوڕەکەی (زەردەشت) لەدایکبو، لەدوای بەکارهێنانی ئاگر بۆ چارەسەر گژوگیا وەکو دەرمان بەکارهاتوە(عبدالواحد، 2023: 240).

شێوازی چارەسەر لەلایەن پزیشکی جەستەوە لەڕێگەی پشکنین سەرەتا هۆکارەکانی توش بون بەنەخۆشییەکەو دواتر دۆزینەوەی گرفتە سەرەکییەکان و ئینجا پێدانی دەرمانی پێویست بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش، ڕێگەیەکی تریان بەکارهێناوە ئەویش شێوازی ڕێنمایی خۆپارستنیان بەمەبەستی مانەوە بەشێوازێکی تەندروست(دینکرت، 1384: 164-167)، پزیشك لەو سەردەمەدا ئەرکی سەرەکی پاراستن و چاودێریکردنی مرۆڤ بوە بۆ هێشتنەوەی جەستە و ڕوح بەتەندروستیەکی باشەوە، لەباوەڕی پزیشکان باشی تەندروستی بونی جەستە و ڕوح هۆکار دەبێت بۆ هێشتنەوەی جیهان بەتەندروستی و سەلامەتی و پاکی(قفطی، 1347: 183-185)، بەگشتی لە دینکرتدا هاتوە ژمارەیەك ناوی دەرمان بەرامبەر ژمارەیەك نەخۆشی دانراوە بەشێوەی لیست کە وا پێناسە کراوە نەخۆشییەکان ئەهریمەن ناردویەتی و هەمو دەرمانەکانیش کەلەسەر زەوی بونیان هەیە ئەو دەرمانانە لە ڕابردودا دەرمان بون و بۆ داهاتوش دەرمان دەبن و لەلایەن ئاهورامزدا پێشکەش بەمرۆڤایەتی کراون دژی ئەو نەخۆشیانەی لەلایەن ئەهریمەنەوە دروستکراون و بۆ مرۆڤەکان نێردراوە، لەبەشی نۆیەم بڕگەی هەشتەم باسی گیایەکی دەرمانی بەناوی (هوم) بەناونیشانی گیای شیفا هێنەر ناسێنراوە، باس لەوە کراوە کە ئاهورامزدا هەزار جۆر گیا دەرمانی لەسەر زەمین بەرهەمدێنێت لەبەرامبەر هەزار نەخۆشی کە بونیان هەیە لەسەر زەوی، ئەمەش دەبێتە هۆکاری نەمانی نەخۆشی پاراستنی تەندروستی مرۆڤ لەخراپ و هێشتنەوەی بەجەستە بە پاکی (دینکرت، 1384: 166-170)، پزیشکانی سەردەمی دەوڵەتی ساسانی گرنگی زۆریان بە چارەسەر لە ڕێگەی گیا دەرمانیەکانەوە داوەو شارەزایەکی باشیان لە ناسینی گیا دەرمانییەکان هەبوە و پزیشکان دەرمانساز خشتەیەکی تایبەتیان بە سود و چۆنیەتی بەکارهێنانی گیادەرمانیەکان داناوە، سەرەڕای ئەوەش گیا ژەهراویەکانیشیان ناسیوە زۆرجار لە کاتی جەنگەکان دژی دوژمانیان و نەیارانی پاشا بەکاریان هێناون(Gardizi, 1968: 22).

بەگشتی بۆ پاراستنی جەستە لە نەخۆشی لە ئاینی زەردەشتیدا لەدو ڕێگەوە بوە بە دورکەوتنەوە لە کردوەی خراپ یان بەد ڕەفتاری وەك نەزانین و فێڵبازی و توڕەیی و لەخۆبایی و خۆ بەگەورە زانی، لەپاڵ هۆکاری سروشتی جەستەیی وەك ساردی و وشکی وتێنوێتی و برسێتی و پیر بون ئازارەکان، بەپێی بنەماکانی پزیشکی یۆنانی هەمو جەستەیەك بەڕێژەی چوار سروشتی (ساردی، گەرمی، شێداری و وشکی) ئامادەیی تێدایە دوچاری نەخۆشی ببێت، بەڵام لەسەردەمی ساسانیدا گۆڕانکاری لەبنەماکانی پزیشکی یۆنانیدا کراوە بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئاینی زەردەشتیدا بگونجێت وەك ئەوەی لەدیدی

زەردشتیەکان هۆکاری نەخۆشی لەهێرشی ئەهریمەنەوەیە بۆ مرۆڤەکان، بۆ چارەسەرکردنیشی پێویستی بەخواردنێکە کە هەر چوار ڕەگەزەکەی تێدابێت (ئاو، ئاگر، خاك و هەوا) کە ئەمانە چوار ڕەگەزی پیرۆز بون لە ئاینی زەردەشتی بون (عبدالواحد،2023: 240).

پزیشکانی ئەو بوارە گرنگیان بەسەرجەم لایەنەکانی تەندروستی مرۆڤ داوە، یەکێك لەو بوارانەی گرنگی پێدراوە مەسەلەی چۆنیەتی بەکارهێنانی دەرمان و ڕێژەی خواردن بوە، باسیان لە سود و زیانەکانی خواردن و خواردنەوەکانیان کردوە(جلیلیان، 1400: 158)، هەروەها لەبواری سوڕی خوێن بەناو جەستە و ئەندامەکانی لەشدا وەك سیەکان و میشك و دواتر گەڕانەوە و دەرچونی بۆ ناو دڵ یەکێك لەداهێنان و دۆزینەوەکانی پزیشکانی سەردەمی ساسانی بو، هەرچەند تاماوەیەکی زۆر ئەم دۆزینەوەیە وازانراوە لەلایەن پزیشکانی خۆرئاوا دۆزراوەتەوە، بەڵام بەلێکدانەوەی دەقە پەهلەویەکان دەرکەوتوە ئەم چالاکیەی خوێن لەجەستەی مرۆڤ لەسەردەمی ساسانیەکانەوە پەیپێبراوە (Tafazzoli,1997:101-103)، جگەلەوە پزیشکانی ساسانی نەخۆشییە گواستراوەیەکانیان ناسیون بۆیە لەکاتی سەردانیکردنی نەخۆش خۆیان پارستوە بۆئەوەی دوربن لە گواستنەوەی نەخۆشی سەرەڕای ئەوەش (خوێن) لای پزیشکانی ساسانی یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی تەندروست بون یان ناتەندروست بونی جەستە دادەنرا، بۆیە گرنگی زۆری پێدراوە و پێیان وابو جەستەیەکی تەندروست پێویستی بەخوێنێکی پاکە(سامی، 1348: 7-10)، هەروەها پەی بردنی پزیشکانی ئەم قۆناغە بو سەبارەت بەگرژبونی منداڵدانی ئافرەت و ڕۆڵی ئەم گرژبونە لە لەدایکبونی منداڵ، ئەمەش یەکێکی ترە لە پێشکەوتنی پزیشکانی جەستەی ئەو سەردەمە کە توانیویانە چەندین داهێنان و دۆزینەوە تازە بکەن، ئەم جۆرە دۆزینەوەیەش بەدیاریکراوی لەلایەن پزیشکی بەناوبانگی ساسانی (برزویە)[6] دۆزراوەتەوە و ئاماژەپێکراوە(جلیلیان، 1400: 159).

دەکرێت بوترێت پزیشکی جەستە لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانی گرنگی زۆریان بەتەندروستی مرۆڤ داوە هەوڵدراوە چارەسەری پێویست بۆ ئەو نەخۆشیانە بدۆزنەوە کە لەو سەردەمەدا بونیان هەبوە و ڕوبەڕوی خەڵك بونەتەوە، جا لە ڕێگەی دەرمان بێت یان لەڕێگەی نەشتەرگەری بوبێت، جگە لەوەش توانیویانە بواری پزیشکی لەناو شارستانیەتەکەیاندا پێش بخەن و چەندین داهێنان و دۆزینەوەی تازەیان ئەنجامداوە کە سود و گرنگی زۆری هەبوە لە بواری پزیشکیدا هەم بۆ وڵاتی خۆیان هەمیش بۆتە بنەمایەك بۆ نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە لە دواتردا سودی لێبینراوە.

## 2-2پزیشکی دەرونی(مینو پزیشکی)

مرۆڤ لە دو بەشی سەرەکی(جەستەیی و دەرونی) پێکهاتوە، هەروەك ئاشکرایە یەکێ لە چارەسەریەکانی نەخۆشی کە لە ئاڤێستا و بەشەکانی ئاماژەی پێدراوە چارەسەری دەرونیە (مەنسرە) واتا(دوعا و پاڕانەوە) لەهەمو چارسەرەکانی تر بەگرنگتر وباشتر دانراوە، چونکە نەخۆشەکە بەبێ ئەوەی ئازاری پێ بگات سارێژ دەکرێت، بەوەی ساغی و تەندروستی دەرونی-ڕوحی بنەمایە بۆ تەندروستی جەستە، هەروەها ڕوح لەناو جەستە دایە بۆیە ڕوحی تەندروست دەبێتە هۆی هەبونی جەستەیەکی تەندروست، چونکە تەندروستی دەرونی کاریگەری بەسەر لایەنی جەستەوە هەیە(عبدالواحد، 2023: 241)، ئەم جۆرە چارەسەریە پزیشکی کە لە وینکرت باسکراوە بە (افسون) (منسرە)ناسراوە، پزیشك هەوڵیداوە لەڕێگەی سحر و جادو چارەسەری نەخۆش بکات، ئەمەش خواستێکی زۆری لەسەر بو، ئەم جۆرە نەخۆشییە نەخۆشییەکی شێوە دەرونی بوە و پێیان وابوە سەرچاوەکەی ئەهریمەنە نەخۆشییەکی شێوە (طلیسم) سحر وجادو کە نەخۆش تالێواری مەرگ بردوە جگەلەوەی لەڕێگەی ڕوحانیانی زەردەشتی لەڕێگەی نوشتە و دوعا و پارانەوە هەوڵی چارەسەری ئەم جۆرە نەخۆشییە دراوە

كە ئەمە قۆناغی سێیەمی چارەسەرە وەك ئەوەی لە پێشوتردا باسكراوە(Daryaee, 2013: 101-103)، جۆری چارەسەر بەڕێگەی وشەی پیرۆز كاریگەرترین و ناسراوترینیان بو، چونكە تەنیا لەڕێگەی قسەكردن و گفتوگۆ لەگەڵ نەخۆش ئەنجام دەدراو بەبێ هیچ بریندار كردنێك و سوتانێك و خوێن ڕشتنێك بەڵكو تەنیا بەهێزی وشەی پیرۆز بوە(فقطی، 1347: 183-185).

بەشێوەیەكی گشتی ئەركی سەرەكی پزیشكانی ئەو بوارە بریتیبوە لە ڕۆڵ گێڕان و هاندانی مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی كۆمەڵێ كردار و ڕەفتاری باش و پەرستش كە لەڕێگەیەوە دەبون بە خاوەن دەرونێكی ئارام و ئەندێشەیەكی باش و دورخستنەوەی خەڵك بەگشتی و نەخۆشان بەتایبەتی بو لە (كردار و گوفتاری خراپ و ئەندێشەی خراپ)، لە هەمانكاتدا ئامۆژگاریكردنیان بۆ پابەندبون بەڕێ و ڕەسمە ئاینیەكان، هەروەها ئاگاداربون لە دەرونی خەڵكی و هێشتنەوەیان لەسەر ڕێگەی چاكە و پاكی هەر لەبەر ئەم هۆكارانەش بو لەسەر پزیشكانی ئەم بوارە مەرج بو لە ڕوحانیانی زەردەشتی بن(Sabouri,2018: 32-34)، پزیشكانی دەرونی لەنێوان چینەكانی كۆمەڵگادا بەرزترین پلەی هەبو ئەمانە لەنێوان پیاوانی ئاینی هەڵدەبژێردران و دەكران بەپزیشك بەتەواوی پەیوەست بو لەژێركاریگەری ئاینی زەردەشتی و ئاڤێستا بون، ئەم چینە بەشەكانی (ئیلاهیات) و پزیشكیان لەیەك كاتدا دەخوێند و دوای تەواو بونی مەرجەكانی پێشوەختەی لەیەكێك لەبەشەكان پیشەی پزیشكیان ئەنجام دەدا (میانداری، 1373: 156)، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ئەم جۆرەی پزیشكی پیرۆز بێت لە ڕوی ئاینیەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەبو لەو سەردەمەدا، بەڵام زۆر جاریش پزیشكانی دەرونی داوای یارمەتی و چارەسەریان لە پزیشكانی جەستەیی كردوە(شریفیان، 1392: 13)، بەپێی دینكرت پزیشكی جەستەیی(گیتی) پێویستی بەیارمەتی پزیشكانی دەرونی بوە پێیانوابوە جەستەیەكی تەندروست پێویستی بەدەرونێكی تەندروستە، بۆ تەندروست بونی جەستە مرۆڤ پێویستی بەبیرو ئەندێشەیەكی پاك و باش هەیە، هەندێ كاتیش هەردو جۆرەكەی پزیشكی بەیەكەوە كاریان دەكرد بۆ بەرگریكردن و هێشتنەوەی جەستەی مرۆڤ بەسەلامەتی(دینكرت، 1384: 164-167)، پزیشكی دەرونی گرنگی زۆری هەبوە پێیانوابوە ژیان و سەلامەتی جەستە پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ دەرون و ڕوح هەیە هاوسەنگی دەرونی مەرجی سەلامەتی جەستەیە لە زانستی پزیشكی دەرونیش چارەسەر بەدو ڕێگا دەدرا بە نەخۆش ئەوانیش: ***یەكەم*** پابەند بون بە بنەما ئاینیەكان و خۆپاراستن لە گوناهكردن، ***دوەم*** دەرمانی چارەسەری دەرونی دو ڕێگە بو یەكێكیان باوەڕهێنانی تەواوەتی بەئاینی زەردشتی و ئەوەی تریان لەڕێگەی كردارەكی كاركردن لەم ئاینەدا، گرنگترین چارەسەری پزیشكی دەرونی پابەند و باوەڕهێنانی نەخۆشە دەرونییەكانە بە بنەمەكانی ئاینی زەردەشتی و چارەسەرە ئاینیەكان (Demenasce,1970: 154-160).

بە گشتی لە ناو دەوڵەتی ساسانیدا بەم جۆرە پزیشكیەیان ئەوت(مەنسرە)، كە لە قۆناغی سێیەمی دەرمان پزیشكی بوە لە زانینگا مەزدا پەرستەكاندا دەكرا لەسەر ئەو بیروباوەڕەبون ئەو كەسەی كەلە گیا دەرمان یاخود چەقۆی پزیشكی (نەشتەرگەری) دەرمان كراوە سودی وەرنەگرتوە دەبێت بەتوانایەكی پاك لە (مەنسرە) یان وشەی پیرۆز داوای چاكبونەوە بكات، هەرچەندە نزاو پاڕانەوە لەناو دەرمانەكاندا لەقۆناغی سێیەم بوە، بەڵام بایەخ و گرنگی زۆری بۆ دانراوە بایەخی زۆری پێدراوە لەوسەردەمەدا(یزدی و دیگران،1388: 80-85)، بۆ جێگیركردنی دەرونێكی تەندروست زانستی پزیشكی لە دەوڵەتی ساسانیدا پێیوابوە لەڕێگەی گوناهنەكردن و پاراستنی دەرون لە تاوان مرۆڤ دەكاتە خاوەن دەرونێكی تەندروست، لەم ڕوە ئەم زانستە ڕەگێكی ئاینی مەزدای هەبوە هەربۆیە چارەسەری بە ئەركێكی ئاینی زانیوە و هۆكاری چارەسەریشە(Zargaran,2019:55-59)؛ (جلیلیان، 1400: 153)، لەبەرئەوە ئەم زانستە بەنسبەت پاشایانی ساسانی پێویستییەكی ئاینی بوە و لەناو ئاینی زەردەشتی پزیشكی گرنگی تایبەتی خۆی هەبوە، گرنگی دان بەم زانستە بە ئەركێكی ئاینی

دەزانی، ئەمەش هۆکار بوە بۆ ئەوەی بتوانن لەڕێگەی ئاینەوە چارەسەری پزیشکی بکەن بۆ ئەو کەسانەی توشی نەخۆشی دەرونی دەبون یان شڵەژاوی دەرونی دەبونەوە(Sabouri,2018:32-34).

چارەسەری دەرونی یەکێك بوە لەو جۆرانەی چارەسەر کە زۆرترین خواستی لەسەر بوە ئەویش بەهۆی باوەڕی پتەوی خەڵك بە ئاین و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ پیاوە ئاینیە باڵاکانیان، لە هەمانکاتدا ئاسانبوە لە چارەسەرکردندا بە بێ بەکارهێنانی گیادەرمانی و سوتاندن و نەشتەرگەری و برینداركردن توانراوە لە ڕێگەی وشەی پیرۆز و نزاو هێزی وشە و پاککردنەوەی دەرون دورکەوتنەوە لە ڕقو کینەو تورەی و بیرکرنەوەی خراپ چارەسەری بدرێت بە نەخۆش کۆی ئەم بابەتانەش بەشێوەی ئامۆژگاری گفتوگۆ و وشەوە لەلایەن پیاوانی ئاینی زەردەشتییەوە دەدران بە نەخۆش.

### 3-زانینگای جندی شاپور

شوێنەواری ئەدەبی و زانستی لەسەردەمی ساسانی سنورداره، بەڵام هەر ئەوەی جێماون پەیامێکەو ئەوە دەگەیەنێت کە پاشایانی ئەم دەوڵەتە گرنگیان بە هونەر و زانست داوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوە ئیسلامییەکان ئاماژە بەوە دەکەن پاشایانی ئەم دەوڵەتە گرنگی زۆریان بەشارسازی داوە لە دروستکردن و بنیاتنانی شار زەمینەیان بۆ فێرگە و زانینگا ڕەخساندوە لە ناویاندا دەتوانین زانینگای جندی شاپور وەك نمونە بهێنینەوە، جندی شاپور لەساڵی(271)زانینی بنیاتنراوە لەسەرەتادا تەنها قەڵایەك بوە پاشان وەك نەخۆشخانە کاروباری تەندروستی تێدا ئەنجام دراوە، دوایی بەتێپەڕبونی کات بو بە پێشکەوتوترین ناوەندی زانستی پزیشکی لە ناو دەوڵەتی ساسانیدا (واجارگاە، 1401: 180)، جندی شاپور بەیەکێك لە ناوەندە پڕ چالاکیەکانی زانستی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کۆن و دەوروبەری هەژماردەکرێ، بۆ زیاتر دەرخستن و دیاریکردنی ئاستی زانستی جندی شاپور بۆ دو سەردەم دابەشبکرێت: سەردەمی (خوسرو ئەنوشیراون) سەردەمی پێش ماوەی فەرمانڕەوایەتی ئەم پاشایە کە زیاتر جەخت لە ماوەی دو پاشای بەهێز دەکرێتەوە ئەوانیش سەردەمی (شاپوری یەکەم) و (شاپوری دوەم 309-379ز)، لەسەردەمی هەریەك لەو دو پاشایە ئەم زانینگایە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لەڕوی زانستی و پزیشکیەوە، تا ئەوەی شاپوری یەکەم دەڵێت"شمشێرەکانی ئێمە سنورەکان دەبەزێنن، زانست و زانیاری و ڕۆشنبیریەکەمان دڵەکان و مێشکەکان لەژێر ئاڵاکەماندا کۆدەکاتەوە"، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە زانست و زانیاری پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە خەڵکی لەناوچە جیاوازەکان هاتونەتە زانینگای جندی شاپور، لە سەرەتادا خوێندن بەزمانی یۆنانی و سریانی بوە وەك زمانی زانستی بەکارهاتوە، لەپاش ئەو کۆمەڵێك پاشای لاواز هاتن لەو ماوەیەدا ئەم زانینگایە بەرەو لاوازی ڕۆیشتوە پاشانیش بەهاتنە سەر دەسەڵاتی شاپوری دوەم دوبارە بەرەو گەشانەوە دەچێت و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەڕوی زانستی ڕۆشنبیریەوە(عبدالواحد، 2023: 150-153).

دروستکردنی کتێبخانەی گەورە لە زانستگای (جندی شاپور)هۆکارێکی گرنگی کۆکردنەوەی گەورە زانایانی بواری پزیشکی بوە لە ئێران و وڵاتانی دراوسێ، سەرەڕای توێژینەوەی پزیشکی لەو سەنتەرە فێرکارییە، گفتوگۆی ئەکادیمیش لە نێوان پزیشکان ئەنجامدەدرا لەسەر چۆنیەتی چارەسەری نەخۆشی و دەرمانەکان و چەندین بابەتی تری جیاواز لە بواری پزیشکی، دروستکردنی ئەم ناوەندە کە وەك شارێکی پزیشکی بو لە ناوچەکە ئاماژەیەکی ڕونە لە گرنگیدان و پێشوەچونی ئەم زانستە لە ناو دەوڵەتی ساسانی(واجارگاە، 1401: 172).

جندی شاپور لەنێوان سەنتەرە چارەسەریەکانی ئێران لەسەردەمی ساسانی بەناوبانگترین سەنتەری پزیشکی و زانستی ئەو سەردەم بوە، بونی سەنتەرێکی لەوجۆرە نیشانەی پێشکەوتنی زانستی و شارستانیەتی ئەم دەوڵەتە بو کە تێدا زانستی

پزیشکی دەخوێندرا و هەمیش چارەسەری پزیشکی نەخۆشی تێداکراوە(تاج بخش، 1373: 98-115)؛ (شريفيان، 1392: 15)، لە دوای ئەم پاشایانەش خسرۆ ئەنوشیروان گرنگی زۆری بە پێشخستنی ئەم زانینگایە و لایەنی پزیشکی خۆرئاوایی داوە، دوای دو ساڵ لەوەرگرتنی تەختی پاشایەتی لەساڵی 533 زاینی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ڕۆمەکان بەست، بەشێك لەمێژونوسان باوەڕیان وایە ئەم پەیمانە بەهۆی پزیشکەکەی باوکی بو کە ڕۆمی بو، بەشێکیتر پێیانوایە کە لەسەردەمی لاویەتیدا خسرو ئەنەشیراوان لەژێر چاودێری ئەو پزیشکە ڕۆمانییە دەرسی خوێندوە، هەوڵدان بۆ پێشخستنی ئەم بوارە زانستییە کە لە دونیای ئەو سەردەمەدا تا چەند سەدەیەکیش سەنتەری فێرکاری زانستی پزیشکی و پەرستاری و چاودێری نەخۆش و پێگەیاندنی چەندین پزیشك بوە، لەهەمانکاتدا ئەم پاشایە فەرمانی کرد کە زانیاری پزیشکی و ئەستێرەناسی کۆبکرێتەوە پەرتوکەکانی ئەرستۆ و ئەفلاتون و کلیلە و دەیمەنەی هیندی وەربگرێت بۆ سەر پەهلەوی (صفا، 1347: 62).

زانینگای جندی شاپور وەکو ناوەندێکی فێرکاری زانستی گەورەترین ناوەندی زانستی ڕۆژهەڵاتی کۆن بو تا ئەو سەردەمە دەژمێردرا(Mali,2009:433)، خسرو ئەنوشیروان هەنگاوێکی گەورەی زانستی بڕی لەبرەودان بەزانینگای جندی شاپور لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی زایینی ئەو ڕوداوەی دژایەتی زانایان و پزیشکان (مەسیحیانی نسطوری) بەهۆی دژایەتیکردنی پیاوانی ئاینی ناو ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی دەرفەتی بەم پاشایەدا هەڵەکە بقۆزێتەوە و ئەو دەستە لە زانایان و پزیشکان لە ئاسیای بچوکەوە ڕاونرابون و پەنایانبدات پێشوازی گەرمی لێکردن، ئەم دەستەیە لەزانایان یەکێك بون لە هەرە هۆکارە بەهێزەکانی بەرەو پێشچونی لایەنی شارستانی بەگشتی زانستی پزیشکی بەتایبەتی و فەلسەفە و پێشکەوتنی زانینگای جندی شاپور، هەروەها یەکێکیتر لە هۆکارەکانی گەشەسەندنی ئەم زانستە بڕیارەکەی ئیمپڕاتۆر جستنیان(527-565ز)ی ڕۆمی بو کاتێك فرمانی داخستنی بەشێك لە سەنتەرە زانستیەکانی ناو ئیمپڕاتۆریەتیەکەیدا بە بیانوی کاریگەری زانایان بە فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن و دژایەتیکردنی ئاینی مەسیحی، ئەم بڕیارە وایکرد حەوت لە گەورە مامۆستایانی بواری پزیشکی و زانینگاو زانستگاکانی یۆنان ڕابکەن و ڕوبکەنە شاری (تیسفون)[7] ئەم زانایانە لەلایەن خوسرەو ئەنەوشیروانەوە پێشوازی گەرمیان لێکراو پارێزگاریان لێکرا لە بەرامبەردا ئەم حەوت مامۆستایە لە (جندی شاپور)درێژەیان بە وتنەوەی وانە پزیشکیەکانیاندا، تێکەڵکردنی زانستی پزیشکی یۆنانی و هیندی و ئێرانی لەو زانینگایەدا، زانستی پزیشکی بە باڵاترین پلەی زانستی ئەو ڕۆژگارە گەیاند(ممتحن، 1348: 11-19)؛ (ابن نديم، 1364: 437) هەر لەسەردەمی ئەم پاشایەدا فەرمانی کرد بە ئەنجامدانی کۆنفرانسی پزیشکی لە پێناو پێشخستنی بواری پزیشکی بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم زانستە گرنگەوە، دیارە سەرجەم ئەو کۆنفرانس و گفتوگۆیانە لە زانینگای جندی شاپور ئەنجامدراوە کۆلێژی پزیشکی بەشداری بەرچاوی هەبوە لەوجۆرە کۆڕ و کۆبونەوەوانەدا بەسەرپەرشتی پزیشکی پاشایانی (جبرائيل) بەڕێوەچوە(Gafati,1968:132)، ئەمەش بەیەکەمین ڕێکخستنی کۆنگرەی پزیشکی لە مێژوی مرۆڤایەتی لە زانینگای جندی شاپور لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەنوشیروان لەگرنگترین ڕوداوەکانی سەردەمی حکومەتەکی بوە(محمدی، 1356: 257).

سەرەڕای ئەوەی لەسەرەتادا سودی لە تواناکانی پزیشکانی یۆنانی هیندی وەرگرت، بەشێکی زۆری پاشایانی ئەم دەوڵەتە وێڕای بانگهێشت کردنی دیارترین پزیشکانی یۆنانی هیندی سودی وەرگرتوە هەوڵیداوە هەرچی نوسراوی تایبەت بەم بوارە هەیە وەرگێرانی بۆ بکەن و بەتێپەڕبونی کات زانایان و توێژەران لە هەمو وڵاتانی دەوروبەر ڕویانکردۆتە کۆلێژی پزیشکی ئەو سەنتەرە زانستیە، ژمارەیەکی زۆری پزیشکی ڕۆمی و هیندی و فارسی وانەیان تێدا وتۆتەوە و خوێندویانە، لە پزیشکانی ناوداری ئەو سەردەمە دەتوانین ناوی بەشێکیان بهێنین وەك نمونە (يوسف عسری، سرجيس راس العين، جبرائيل، تريبونسی یۆنانی...) (واجارگاه، 1401: 181)، لەم زانینگایەدا زانستی یۆنانی و هیندیش خوێندراوە لەگەڵ ئەوەشدا زانایانی

ئەم وڵاتانە سەرپەرشتی کاروباری زانستی و بەڕێوەبردنی بەشێك لە بەشەکانی زانینگاکەیان کردوەو وانەیان تێدا وتۆتەوە، لەهەمانکاتدا پزیشکانی زەردەشتی خواستی زۆریان لەسەر بو پزیشکانی ناوخۆیی و بیانی لەم زانینگایەدا بەیەکەوە و بەیەك تیم کاریاندەکرد، بەپێی توانای زانستی پزیشکانی بیانی پۆست و پلە کارگێڕیان پێدەدرا لەزانینگای جندی شاپور (Taffazzoli,1948: 564).

یەکێك لە پزیشکە بەناوبانگەکانی دەوڵەتی ساسانی (برزویە) لەسەردەمی ئەنوشیروان بو لەهەمانکاتدا سەرۆکی پزیشکانی پاشایی و شارەزایەکی باشی زانستە ئەزمونییەکان بوە، چەندین ساڵ وەزیر بوە لەسەردەمی ئەم پاشایەدا (بارتولد، 1358: 25029)؛ (ممتصن، 1328: 15-27)، لەسەر داوای ئەم پاشایە خۆی و دەستەیەك لەزانایانی ئێرانی بۆ هیند سەرفەر دەکەن بۆ هێنانەوەی کۆمەڵێ زانیاری گرنگی لایەنی پزیشکی، لەڕاستیدا سەفەری برزویە بۆ هیندستان بەیەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی پێشکەوتنی ئەم زانستە دەژمێردێت لەدەوڵەتی ساسانیدا، ناوبراو جگە لەوەی خزمەتێکی زۆری زانستی پزیشکی کردوە لەهەماکاتدا کاریدەکرد بۆ جیاکردنەوەی ئەم زانستە لەگەڵ پرسە ئاینیەکان، ئەم سەفەرەی هەنگاوێکی گرنگی بەرەوپێشچونی زانستی پزیشکی بو لەهەمانکاتدا کاریگەری گەورەی هەبو لە برەودان بەو بوارە (Mali,2009:434)، لەئەنجامی پەیوەندی شارستانی و ناردنی نێردەی زانستی بۆ وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەت هیندستان بوە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەکتێب و سەرچاوەی پزیشکی کە بە زمانی هیندی بون، هەروەها ڕوەکی پزیشکی و گیا دەرمانی و سەرچاوەی زانستی گرنگ لەگەڵ خۆیاندا هێنایانن بۆ ناو دەوڵەتی ساسانی (الثعالبي، 1963: 630)، پاشان وەرگێڕان بۆ سەر زمانی پەهلەوی وەك سەرچاوەی پزیشکی لە بەناوبانگترین کتێبەکانی پزیشکی (یسیرك)و (السموم) لەنوسینی (شاناق) کە گەورەترین پزیشکی هیندی بو، پزیشکانی جندی شاپور وەریانگێڕا بۆ سەر زمانی پەهلەوی، ئەمانەش بونە هۆی پێشکەوتنی کتێبخانەی زانینگاکە لەبواری پزیشکی، جێگەی ئاماژەپێدانە زانینگای جندی شاپور کتێبخانەیەکی گەورەی هەبو کە لە چەند نهۆمێك پێك هاتبو(259) ژوری هەبوە، ئەمانە بونە هۆی پێشکەوتنی زیاتری لایەنی پزیشکی گەشەکردنی زانینگاکە(عبدالواحد، 2023: 159)، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆلێژە بونی پزیشکی جۆراو جۆر بو لەپسپۆڕی ورد و جیاواز، پێشکەوتنی ئەو زانینگایە لەوەدا دەردەکەوێت جگەلە پێشکەوتنی بەشی پزیشکی گرنگی زۆر بەبواری فەلسەفە و ئەستێرەناسی دراوە(واجارگاە، 1401: 181).

هەروەها بەشی نەخۆشخانەی ئەم زانینگایە بەشێوەیەکی پێشکەوتو ئیش و کارەکانی دابەشکراوە و ڕێکخستنی ناو نەخۆشخانەی جندی شاپور بەرێکەوتنی کارمەندەکان نەبوە بەڵکو بەتەواوی لەژێر سەرپەرشتی کارگێڕی نەخۆشخانە بەجوانترین شێواز ڕێکخراوە و بەڕێوەبراوە، ئەم نەخۆشخانەیە لە دو بەشی سەرەکی پێکدەهات بەشی ژنان و بەشی پیاوان، هەربەشێکیان بەئەندازەی پێویست کەلوپەلە پزیشکیەکانی ئەو ڕۆژگارەی تێدا جێگیرکرا بو، سەرەڕای دانانی پەرستار و دکتۆر و خزمەتگوزاری ژن و پیاو، لەم نەخۆشخانە باڵەخانەی جۆراوجۆر بۆ نەخۆشیە جیاوازەکان دروستکرا بو بۆ نمونە باڵەخانەی نەخۆشی هەناوی و هۆڵی نەشتەرگەری و خەواندنی نەخۆش، باڵەخانەی نەخۆشیە دەرونییەکان و چەندین جۆری تری نەخۆشی و لەگەڵ بونی دەرمانخانە(پیکولوسکایا، 1371: 241).

لێرەدا دەکرێت بوترێت کە زانینگای جندی شاپور هەم نەخۆشخانە بوە هەمیش وەك زانینگا بوە توانراوە لەرێگەی ئەم زانینگایەوە زانستی پزیشکی لە سەردەمی دەوڵەتی ساسانی پێشبکەوێت، بەهۆی ئەوەی چەندین پزیشك و پسپۆڕی وڵاتانی تر ڕویان کردۆتە ئەو زانینگایە و دەرسیان تێدا وتۆتەوە و توێژینەوەیان ئەنجامداوە، ئەمە جگەلەوەی پسپۆڕییەکان لەم زانینگایەدا جیاکراونەتەوە و چەندین داهێنانی پزیشکی تێداکراوە لەلایەن پزیشکانی بیانی و ناوخۆیەوە، سەرەڕای بەستنی

کۆنفرانس و گفتوگۆی ئەکادیمی لەپێناو پێشکەوتنی بواری پزیشکی، هەمو ئەمانە هۆکارێکی گرنك و کاریگەرن بۆ پێشخستنی زانستی پزیشکی لەناو دەوڵەتی ساسانیدا.

## ئەنجام

1. زانستی پزیشکی لە دەوڵەتی ساسانیدا یەکێك بوە لەو زانستانەی زۆرترین گرنگیپێدراوە لەلایەن بەشێکی زۆری پاشایانی ئەم دەوڵەتەدا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم زاستە وەك زانستێکی پیرۆز لە ئاڤێستادا ناسێنراوە.

2. پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان زانستی پزیشکی و ئاینی زەردەشتی لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانی هەبوە فێرگە ئاینییەکان ئامراز و ناوەندی بەرهەمهێنانی پزیشك بون و پزیشکانیش لە ناو پیاوانی ئاینی زەردەشتی هەڵبژێردراون.

3. ئەهریمەن لە دیدی پزیشکانی دەوڵەتی ساسانی هۆکارو سەرچاوەی نەخۆشییەکانە کە دوچاری مرۆڤ دەبنەوە، بەپێچەوانەشەوە ئاهورامزدا هۆکاری چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانەیەوە و چەندین چارەسەر و گیادەرمانی جۆراوجۆری بۆ مرۆڤایەتی ناردوە.

4. پزیشکان بەوردی بەدوای چارەسەرکردنی نەخۆشییەکاندا گەڕاون لەیەکەم قۆناغدا هەوڵی دیاریکرن (تشخیص)ی نەخۆشییەکەیانداوەو دواقۆناغیش بە نەشتەرگەری و سوتان چارەسەری نەخۆشیان کردوە.

5. بواری پزیشکی لەم شارستانیەتەدا پێشکەوتو بوە کە چەندین داهێنان و دۆزینەوەی زانستیان ئەنجامداوە، هۆکارەکەشی بۆ سودوەرگرتن لە پزیشکانی بیانی و ئەزمونی وڵاتانی دراوسێ دەگەڕایەوە.

6. یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی نێوان پزیشکان بریتیبو لە پرس و ڕاوێژ لە نیوان یەکتری و لە چارەسەرە قورسەکانی وەك نەشتەرگەری و سوتان لەلایەن گروپێك لە پزیشکانی پسپۆڕی جیاواز ئەنجامدەدرا.

7. نەخۆشییە دەرونیەکان گرنگی زۆریان پێدراوەو لەلایەن پزیشکی دەرونی(مینو پزیشکی) چارەسەریان وەرگرتوەو پزیشکانی ناو دەوڵەتی ساسانی باوەڕیان وابو دەرونێکی تەندروست بنەمای جەستەیەکی تەندروستە.

8. زانینگای جندی شاپور ناوەندێکی زانستی بوە دەکرێت هەم وەك نەخۆشخانە و هەمیش وەك زانینگا بوە توانراوە لەڕێگەی ئەم ناوەندەوە زانستی پزیشکی لە دەوڵەتی ساسانی بە لوتکەی پێشکەوتنی خۆی گەیشتوە.

9. گرنگترین تایبەتمەندی زانستی پزیشکی لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانی بریتی بو لە جیاکرنەوەی پسپۆڕیە وردەکان لە یەکتری دەرکەوتنی پزیشکی پسپۆر لە یەك بواری ورد دا.

# Medical science during the Sassanid period (224-651)

**Hassan Qadir Mahmood[1] - Shalaw Mustafa Abdalrahman[2]**
[1+2]Department of History, College of Humanity science, University of Raparin, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract

Abstract During the Sassanid period, the kings showed great interest in medicine, largely because of its religious significance. In Zoroastrianism, medicine was considered a sacred science, so the kings considered it as part of their religious duty. Medical education during this time was deeply intertwined with Zoroastrian beliefs, the Avesta was the basis of medical education for the Sassanid physicians and the physicians themselves were Zoroastrian men, at the same time, they benefited greatly from medical science and doctors from Egypt, Greece, India and China and were encouraged in various ways to transfer their medical experience to the Sassanid state and teach medicine.

Sassanid doctors believed that people could suffer from two main types of illnesses: mental and physical. They had various treatments for each type, believing that a calm and healthy mind was essential for a healthy body. All diseases were sent to humanity by Ahriman and herbal medicines were sent to earth by Ahura Mazda. The University of Jundi Shapur became a hub where medical knowledge from different civilizations was combined, helping medical science in the Sassanid state to flourish.
**Keywords**: Medical science, physician, Zoroastrianism, Sassanid state, Jundi Shapur, disease.

**سەرچاوەکان**

ابن نديم.(1364)، الفهرست، ترجمه:محمد رضا تجدد، بازرگان ايران ، تهران.

اوستا.(1370)، ترجمه :جليل دوستخواه ، مرواريد ، تهران.

بارتولد، واسيلى .(1358)، جغرافياى تاريخ ايران ،ترجمه:حمزه سردادور ، توس، تهران.

باقر، طه.(2011)، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة(حضارة وادي النيل وبعض الحضارات القديمة فارس-الاغريق- الرومان)، ج2، ط1، لشركة دار للنشر الوراق المحدودة، بيروت.

باقر، طه.(2012)، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة(الوجيز في تأريخ حضارة وادي الرافدين)، ج1، ط2، لشركة للنشر الوراق المحدودة، بيروت.

بهزادى، رقيه.(1382)، قوم هاى كهن، كتابخانه ملى ايران، تهران.

بوتيرو، جان.(1990)، بلاد الرافدين( الكتاب-العقل-الالهة)، ترجمة: الاب البير ابونا، بغداد.

بيانى، شيرين.(1380)، دين و دولت دلر عهد ساسانى ، جامى، تهران.

بابو اسحق، رفائيل.(2006)، مدارس العراق قبل الاسلام، دار الوراق للنشر المحدوده، لندەن.

پيگولوسكايا، ن.(1367)، شهرهاى ايران در روزگار پارتيان و ساسانيان،ترجمه :عنايت الله رضا، علمى و فرهنگى، تهران.

تاج بخش، حسن.(1372)،تاريخ دامپزشكى و پزشكى ايران، جلد اول، دانشگاه تهران، تهران.

تفضلى، احمد .(1377)، تاريخ ادبيات ايران پيش از اسلام، سخن، تهران.

الثعالبي، ابو المنصور عبدالملك بن محمد.(1963)، تاريخ غرر السير(غرر اخبار ملوك الفرس وسيرهم)، مكتبة تلاسد، تهران.

جليليان، شهرام.(1400)، چشم اندازی از پزشکی ساسانیان:کتاب(مقدمه‌ای بر پزشکی در دوران ساسانیان)در بوته نقد، مجله طب سنتی اسلام و ایران، سال دوازدهم شماره2.

حاج خليفه.(1992)، كشف الظنون عن اسامي الكتب والفنون، ج5، بيروت.

دادرس، ا.(1374)، پژوهش درمتن پهلوی دینکرت هشتم، دانشگاه تهران ، تهران.

دهقانی،هانیه و مجاهدی،مرتضی.(1400)، تاریخ علوم پزشکی در گذر زمان با تاکید بر چهار دوره هخامنشی، ساسانیان، سامانیان و دوره اسلام، محل انتشار: ششمین کنفرانس بین المللی ، بهداشت،درمان وارتقای سلامت.

دورانت، ویل اریل.(1358)، تاریخ تمدن، جلد اول، ترجمه، احمد ارام و دیگران، علمی و فرهنگی، تهران

دینکرت، کتاب سوم .(1384)، ترجمه: فریدون فضیلت، مهراین، تهران.

رنان، کالین.(1385)، تاریخ علوم کمبریج ، ترجمه:حسن افشار، نشر مرکز، تهران.

سامی، ع.(1348)، پزشکی در عهد ساسانی، مجله هنر مردم، شماره 89.

شریفیان،فریبا.(1392)، پزشکی در زمان ساسانیان، مجله ایرانی اخلاق و تاریخ پزشکی ، دوره ششم، شماره 1.

صفا، زبيح الله.(1347)، تاریخ علوم و ادبیات ایران، ابن سینا، تهران.

عبدالواحد، کلثومە جمیل.(2023)، بارودۆخی ڕۆشنبیری و زانستی لە دەوڵەتی ساسانیدا 224-651ز، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

قفطی.جمالدین ابوحسن.(1347)، تاريخ الحكما، ترجمه: بهمن دارائی، دانشگاه تهران، تهران.

کرستن سن، أرثور.(1385)، ایران در زمان ساسانیان، مترجم: رشید یاسمی، چاپ پنجم، مهارات، تهران.

گریشمن، رومن.(1364)، ایران از اغاز تا اسلام، ترجمه:محمد معین، علمی و فرهنگی، تهران.

الگود، سیریل.(1371)، تاریخ پزشکی ایران و سرزمینهای خلافت شرقی، ترجمه: باهر فرقانی و ویراسته محمد حسین زمانی، چاپ دوم، امیرکبیر، تهران.

الگود، سیریل.(1352)، تاریخ پزشکی ایران، ترجمة: محسن جاویدان، تهران اقبال، تهران.

محمدی،محمد.(1356)، فرهنگ ایران پیش از اسلام و اثار ان در تمدن اسلامی، دانشگاه تهران ، تهران.

مکنزی، دیوید نیل.(1383)، فرهنگ کوچك زبان پهلوی، ترجمه: مهشید میر فخرایی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران.

ممتحن، ح.(1348)، دانشگاه جنی شاپور در خوزستان و سوابق علمی ان، انتشارات دانشگاه جندی شاپور، اهواز.

میانداری ،ح .(1373)، اخلاق پزیشکی در ایینه اسلام، خلاصه مقالات اولین کنگره بین المللی اخلاق پزیشکی، مرکز تحقیقات اخلاق و تاریخ پزیشکی، دانشگاه علهم پزیشکی، تهران.

نجم ابادی، محمود .(1341)، تاریخ طب ایران، جلد اول، هنربخش، تهران.

واجارگاه، حسن کهنسال.(1401)، ساسانیان و نگرش ان ها بەدانش پزیشکی، اخلاق و تاریخ پزیشکی، دوره 15.

وحیدی،حسین.(1394)، اشنایی با دین زردشت، افرینه:تهران.

وندیداد.(1361) ، ترجمه: داعی السلام ، دانش، تهران.

یزدی و همکاران، اسماعیل.(1388)، سیری تاریخ اندان پزیشکی ایران از گزشته تا معاصر، جلد اول، چاپخانه و مؤسسة و انتشارات نزحت، تهران.

Daryaei T.(2005), Sasanid Kingdom, Translatted by:Mortaza Sasghebfar, toos, Tehran.

Daryaei T.(2013), The Sasanian Persia, Translatted by: Bahari KH, farzan rooz publication, Tehran.

Demenasce, JP.(1974), Le Troisieme liver du Denkart, Klincksieeck, Paris.

Gafati GA.(1968), Govewnores History, Translated by: Mahin Darayi, Tehran.

Gardizi A. Zayn a-Akhbar .(1968), Iranian Culture Foundation publictions, Tehran.

Mali Y.(2009), Medcal moral history at Ancient Iran, Foroohar journal, NO6.

Sabouri, NB.(2011), Medicine according to Dinkertes third book, The Great Islamic Encyclopedia, Tehran.

Tafazzoli A.(1997), History of pre-IslamicIranian Litrature, Sokhan, Tehran.

Zargaran A.(2019), An Introduction to Medicine during the Sasanian era, Choogan, Tehran.

Zeydan J.(1973), Islamic Civilization History, Translated by :Ali Javaherkalam, Amir kabir, Tehran.

**پەراوێزەکان**

1 - نفر(Niffar): ئەم شارە دەکەوێتە باکوری شمریە و ناوەندێکی ئاینی گرنگ بوە هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە تاوەکو هاتنی فارسەکان، بە نزیکەی (100میل) لە باشوری شاری بابلەوە دورە، بە گەورەترین ناوەندی شوێنەواری لەلایەن بەشێك لە زانا ئەمریکیەکان دادەنرێت(بابو اسحق، 2006: 31-32).

2 - زەردەشتی: ئاینی زەردەشتی ئاینێکە لەسەر بنەمای بۆچونەکانی زەردەشت دامەزراوە، ئەم ئاینە جیهان وەك دوبەرەکیەکی بەردەوام دەبینێ لەنێوان هێزی چاکەو هێزی خراپەدا، خوداوەند (ئاهورامزدا) خوداوەندی چاکەو حیکمەتە و دانەرو دامەزرێنەری ئەم جیهانەیە، لە بەرامبەردا (ئەهریمەن) ڕوحی خراپەکاری ئەم جیهانەیە، بە پێی ئاینی زەردەشتی مرۆڤ بونەوەرێکی ئازادە و تاکە ئەرکی سەرشانی بریتییە لە چاکەکاری و یارمەتیدانی دەوروبەری و سەرخستنی (ئاهوڕامزدا)بەسەر (ئەهریمەن)دا. ئەم ئاینە لە ئێرانی کۆندا سەریهەڵداوەو لە سەرەتای سەدەی شەشەمی پیش زاین بۆتە ئاینێکی فەرمی و تا هاتنی ئاینی ئیسلام ئاینێکی بەربڵاوی ناوچەکە بوە(وحیدی، 1394 :12-21).

3- ئور(Ur): یەکێکە لە بەناوبانگترین شارە شارستانیەتەکانی باشوری عێراقی کۆن و پایتەختی وڵاتی سۆمەرییەکان بوە، هەروەها ناوەندی بڵاوکردنەوەی شارستانیەتەکە بوە لەو سەردەمەدا و باس لە گرنگی ئەو شارە لە کتێبە مێژویەکاندا کراوە، دەکەوێتە دوری (365کم) لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری بەغداد و مەودای(15کم) لە باشوری ڕۆژئاوای شاری ناسریە و ناوەندی پارێزگای زیقاری ئێستا(باقر، 2012ج1: 303).

4 - ماد: مادد ناوی هۆزێکی ئاری یە لە هەزارەی یەکەمی پێش زاین کۆچیان کردوە بو بانەکانی ئێران و بناغەی یەکەمین پادشایەتی ئارياییەکانیان لە ناوچەکە دامەزراندوە دوای شکست پێهێنانی ئاشوریەکان لە 612پ.ز بون بە گەورەترین دەوڵەتی پادشایی خۆرئاوای ئاسیا و لە سەردەمی (هۆخشتر)حوکمڕانی گەورەترین پادشایەتی خۆرئاوای ئاسیایی کردوە دوای تێکشکانی ئاشورییەکان نەك تەنها خۆیان بەڵکو تەواوی گەل و شانشینە بچوکەکان و نەتەوە و خەڵکە زەحەتکێشەکانی ناوچەکانی (ئەفغانستان و ئیران و توریاو عێراق)ی ئەمرۆی لەدەست ئاشوریی و باجوسەرانەو کۆتو بێگاری ئەودەوڵەتە سەربازیە توندڕەوە رزگارکرد، ئەم دەوڵەتە لە دەوروبەری ساڵانی 700پ.ز لەسەردەستی دیاکۆ پادشا دامەزراوەو درێژەی هەبوە تاساڵی 559پ.ز و هاتنی هەخامەنشیەکان، پایتەختی سیاسی و کارگێری مادەکان هگماتانە(هەمەدان)ی ئەمڕۆ بوە (دیاکونوف، 1380: 1-70).

5 - اشموغ(Ashamuq): لە ئەفسانەی ئێرانی ناوی دێوێکی فریودەرە و درۆزنە، بەبەردەوامی خەریکی دوزمانی دوروبە لەناو ئەهلی دۆست و خێزان، ئاینی زەردەشتی پێیوایە ئەم دێوە لەکۆتایدا بەند و زیندانی دەکرێت و ئەم ناوەش وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو کەسانەی دێو دەپەرستن بەکار دەهێنرێن (مکنزی دن، 1383: 51-89).

6- برزویە: پزیشکێکی ناودار و پێشەوای پزیشکانی ئێران بوە و لەسەردەمی خسرەو ئەنوشیروانی ساسانی گەیشتۆتە پلەی وەزیر، ناوبراو بەکۆکەرەوەی کتێبی کیللە و دیمنە ناسراوە و لەتەمەنی 7 ساڵیەوە سەرقاڵی خوێندنی زانستی پزیشکی بوە، خودی وشەی برزو بەمانای پلەی باڵا دێت لە فارسی کۆندا زانیاری زیاتر بڕوانە (الگود، 1352).

7- تیسفون: پاشایانی دەوڵەتی ساسانی بۆ ئەوەی گرنگی پایتەختی سلوقی نەهێڵن هەندێ شاری تریان دروستکرد لە گرنگترین ئەو شارانە شارە تیسفون بو کە بە تاق کیسرا ناسرا بو، لەسەرەتادا سەربازگەیەك بو بۆ سەربازانی دەوڵەتی ساسانی ئەم شارە دەکەوتە ناوچەی مدائین کە (35کم) لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری بەغدادی ئێستایە، بەتێپەڕبونی کات ئەم شارە لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانی بو بەیەکێك لە ناوەندە گرنگەکانی بازرگانی بەراورد بە شارەکانی دەوروبەری(باقر،2011/ج2: 516-517).